# له نێوان دیکتاتۆریەت و دیموکراسیدا

(کۆمەڵە وتار)

برایم محێدین عارف

# وتەیەك

ئەم نایملكەیەی لەبەردەستدایە كۆمەڵە وتارێكە لەسەر هەر دوو سیسەتمی فەرمانڕەوایی سەرەكی دیكتاتۆریەت و دیموكراسی، كە ئەمڕۆ هەموو سیستەمە فەرمانڕەواكانی جیهان بەلای یەكێكیاندا دەشكێتەوە، چ دیكتاتۆریەك بێت یان دیموكراسی یان تێكەڵەیەكی هەر دووكیان زۆربەی وتارەكان پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەكاندا بڵاوبونەتەوە پێم باش بوو بەیەكەوە گرێیان بدەم و ئەم نامیلكەیەی لێ دروست بكەم هەر جۆرە تێبینی و ڕایەك مایەی دەوڵەمەندی نامیلكەكە و پێوانەكردن بۆ ڕێزی خوێنەرانە .

**برایم**

# دەربارەی دیموکراتی وهەڵبژاردن

## چەمکی دیموکراتی و پێناسەکەی :

دیموکراتی وشەیەکی ئەفریقی کۆنە بەمانای دەسەڵاتی گەل دێت لێکدراوەی هەر دوو ووشەی (Demos) بەمانای گەل و (Krath) بەمانای دەسەلات دێت .

لەم ڕوانگەیەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی مەبەست لە دیموکراسی دەسەڵات گرتنە دەستە لەلایەن گەلەوە، لەو کلاوڕۆژنەوە کە گەل سەرچاوەی بنچینەی پێکهێنانی دەسەڵاتە جا چ گەل ڕاستەوخۆ هەژمار دەکرێت یان بەشێوەی هەڵبژاردن و نوێنەرەکانی گەل هەڵدەبژێرن ك بە دیموکراسی نیابی ناو دەبرێت، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە مەبەست لەگەل لێرەدا مەبەستێکی سیاسیە نەك کۆمەڵایەتی بەمانای ڕوانین بۆ پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەوڵەت کە گەل و خاك و (سیادە) دەگرێتەوە مەبەستی سەرەکی سیستەمی سیاسی دیموکراسی چڕبونەوەی بڕیارە سەرەکی و بنچینەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتە لە ئیدارەی گەل و نوێنەرەکانیدا .

چەند هەل و مەرجی سەرەکی لە سیستەمی دیموکراسی سیاسیدا خۆی دەنوێنیٚ :-

یەکەمیان :- گەیاندن و دەوڵەمەند کردنی نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی گەل و داواکارییەکانی هاوڵاتیان و بەرگری کردنە لە جیٚ بەجیٚ کردنیاندا .

دووەمیان :- تێگەیشتن و دابەزینی بەرنامەی نوێنەرکانی گەل بۆ ناو هاوڵاتیان و هەڵوێست بە پێی زەمینەیەکی ڕەخساو و دروست ئەم دوو ئاڵوگۆڕە ئاوێنەی ئاوێتە بوونی دەسەڵات و گەلە لە سیستەمی دیموکراتی سیاسی دا .

## سیستەمی فەرمان ڕەوایی دیموکراسی :-

سیستەمی دیموکراسی، سیستەمێکی حکومڕانی باوە لە حکومەتێکی دیموکراسی هەڵکەوتوە کە خەڵك لێی ڕەزامەندە بە دەنگدان دێتە ئاراوە تیایدا ملکەچی کەمینە بۆ زۆرینەی بەر قەرار دەبێت، بەڵام ئەمە ئەو ناگەیەنێت کە حکومەتە دیموکراتییەکانی کە بەشێوەی دەنگدان هاتونەتە ئاراوە تێکڕای خەڵك ڕاستەوخۆ لە نەخشەکێشانی سیاسی ولاتدا بەشدارن بەڵکو تێکڕای یان زۆرینەی زۆری خەڵك بە دەنگدان بەشداری پێکهێنانی هەڕەمی دەسەڵاتی کردوە نوێنەری خۆی هەڵبژاردوە هەر نوێنەرێك دەنگدانەکانی لە بڕیارەکاندا کۆی دەنگی خەڵکە دەنگ دەرەکەی دەگەیەنێت و گوزارشت لە خواست و مەرامەکانی خوار خۆی دەکات، شێوازەکانی دیموکراتی ڕاستەقینە لە هەر ڕژێمێکە سیاسیدا :-

شێوازی (هەڵبژاردنی ئازاد)، (هەر ئەندامیٚ واتە دەنگیٚ)، قبوڵکردنی ڕای زۆرینە ریزکردنی ڕایی کەمینە، سیستەمی (چەند حیزبی)، (مافە یەکسانییەکانی خەڵك)، (ئازادیە مەدەنی و سیاسیەکان)، (ئابوری و بازاری ئازاد) ... زۆر بواری تریش دەگرێتەوە . سیستەمی وەفادار بۆ

خەڵکە دەنگ دەرەکەی بەبێ پرسیار و ڕازی ئەندامەکانی شتێك پەیڕەو ناکات ئەگەر ئەوانەی کە لە هەڕەمی دەسەڵاتدان لە سنوری پیادەکراوی دیموکراسی چونە دەرەوە .

ڕژێمی فەرمان ڕەوایی دەسەڵاتی هەیە لادەرەکانی دیموکراسی پیادەکراو بخاتە دەرەوەی هەڕەمی دەسەلات لەبەارمبەر ڕژێمە دیموکراسییەکاندا ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان دێنە ئاراوە، لەم سیستەمە فەرمانڕەوایانەدا هەڕەمی دسەلات دەکەوێتە دەست تاقمە کەسانێك یان کەسێکی حیزبی فەرمان ڕەوا کە بەپێی خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڕەمی دەسەلات دەباتە ڕێوە دەسەڵاتی گەل بە هیچ جۆرێك لە بڕیارەکاندا بوونی نییە، ئەگەر چی ئەمڕۆ بە شێوەی گشتی لە پۆلین کردنی سیستەمی فەرمان ڕەواکاندا دوو جۆری سەرەکی دەبینین یا دیموکراسی یا دیکتاتۆری، لە ڕاستیدا زۆربەی ڕژێمە فەرمان ڕەواکان نەدیموکراتی تەواو نە دیکتاتۆری تەواون ئاستەمە ڕژێمێکی فەرمان ڕەوا بتوانێت ١٠٠٪ خواست وئاواتەکانی میلەت و گەل بەدی بهێنێت.

بە پێی سیستەمەکانی پێك هاتنی وڵاتەکان، سیستەمەکان یان بە لای دیموکراسی یان بەلای دیکتاتۆریدا دەشکێتەوە کە ڕەنگە لە ئایندەدا یان وەك سیستەمێکی تەواو بەلایەکیاندا یان وەك خۆیان بمێننەوە گۆڕانیان بەسەردا نەیەت .

بەڵام ئەو سیستەمانەی کە لە بنەڕەتدا بەشکان بە لای دیکتاتۆریدا هاتونەتە ئاراوە زۆر زەحمەتە ناوەڕۆکی سیستەمەکەیان بۆ دیموکراسیەت بگۆڕن بەڵکو هەر لە ڕوخساردا چەند بەیت و بالۆرەیەکی دیموکراسی لێ دەدەنی بەڵام بە پێچەوانەوە هەموو حکومەتێکی دەسەڵاتی گەل بە ئاسانی بەلای دیکتاتۆریدا دەشکێتەوە ئەگەر لە درێژە پێدانی حکومی فەرمان ڕەوایدا بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیەت پیادە ناکات . ئەمڕۆ زۆر لە ڕژێمە فەرمانڕەواکانی جیهان ڕێژەیەکی زۆر کار بەدەستانیان لە چینە دەوڵەمەندەکان، خاوەن کارگەکان، خاوەن کێڵگە کشتوکاڵیەکان، سەرمایە داران کە بەدەنگدان جڵەوی فەرمان ڕەوایان گرتۆتە دەست، ناتوانن بەڕژێمە کانینا بڵێن دیموکراسی نین لە کاتێکدا بنەماکانی دیموکراسی پیادەدەکەن بەڵکو دەوانین بڵێین ١٠٠٪ بنەماکانی دیموکراسیەت پیادەناکەن .

**هەڵسەنگاندن و ناسینەوەی سیستەمە دیموکراسیەکان :-**

کە دەڵێن فلان سیستەمی فەرمان ڕەوا دیموکراسیە یان دیموکراسی پیادە دەکات بێگومان دەبێت چەند پێوەرێك هەبێت بۆناسینەوەی سیستەمە دیموکراسیەکان و جیاکردنەوەی لە سیستەمێکی دیمکتاتۆری، لێرەدا دەتوانین بە دوو پێوەری جیا جیا سیستەمە دیموکراتییەکان هەڵبسەنگێنن، پێوەری یەکەم پێك هێنەرە دیموکراسییەکانی دیموکراسی کەلە سیستەمە دیموکراسیەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، پێوەری دووەم پیادەکردنی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیە کە لەسەرەتای جڵەوگرتنە دەستی دیموکراسیەوە پیادەبکرێت .

**پێكهێنەرە سەرەكیەكانی دیموكراسی :-**

پێكهێنەرە سەرەكیەكانی سیستەمی دیموكراسی لەمانە پێكدێت:-

١- ئازادی :- ئازادی بە زەمینەو مانا فراوانەكەیەوە زۆر لە بوارەكان دەگرێتەوە وەك ئازادی تاك، ئازادی دانیشتن ،ئازادی بیرو ڕای ئازاد، ئازادی كار و بەشداری مافە كۆمەڵایەتیەكان...ئازادی بەشداری ڕێكخستن و بیر و ڕایی سیاسی ... ئازادی وەك پێكهێنەری سەرەكی ڕژێمە دیموكراسیەكان دێتە ئاراوە یەكەم هەنگاوی سیستەمی دیموكراسی، ئازادی دەنگ دانە ئازادی لەو پێكهێنەرە سەرەكیانەیە كە لە گەڵ لە دایك بوونی سیستەمەكەدا دەست پێ دەكات بە مانای ئازادی سیستەمە دیموكراسیەكان تاتەواو نغرۆ دەبن.

٢- یەكسانی :- لێرەدا مەبەست لە یەكسانی لە دوو بواری سیاسی و كۆمەڵایەتیدایە :-

بواری یەكەم:- ئەوەیە كە تاكی كۆمەڵ (مرۆڤ) بە بێ جیاوازی (ڕەگەز،ئاین،خێزان،ڕەنگ) شایەنی پیادەكردنی مافەكانێتی لە كۆمەڵدا مرۆڤەكان یەكسان و جیاوازی ناكرێت لە نێوان ئەو مافە بنەڕەتیانەی كە سیستەم بۆ تاكی كۆمەڵ دەستەبەری دەكات تێكڕای گەل و وەك یەك بەشدارن .

بواری دووەم :- پێویستی دەستەبەركردنی مافەكانی بواری كۆمەڵایەتیە بەبێ جیاوازی نێوان ڕەگەزەكان و ئاین و وەك ڕێساكانی لە مەڕ پێكهێنانی خێزان و، شوكردن، ژن هێنان...بوارەكانی تری كۆمەڵایەتی تا هەنگاونان بەرەو دادگەری كۆمەڵایەتی .

٣- بەشداری :- مەبەستی سەرەكی بەشداری ڕیفراندۆمە لە داڕشتنی دەستووری سەرەكی وڵات، پاشان بڕیارە سەرەكی و ڕێساكانی بەڕێوەبردنی وڵاتەكە لە لایەن گەلەوە دەنگی لەسەر درابێت تا باش و خراپی بڕیارەكان بگەڕێتەوە بۆ گەل بە گشتی و تاك لێی بەرپرسیارنەبێت.

سیستەمی دیموكراسی بێ ئەم پێكهێنەرانە هەڵ ناكات هەر بۆیە دیموكراسی ئاواتی گەلە چەوساوە بێ مافەكانە ، گەلە بەش خوراو بێ مافەكان خەبات بۆ دیموكراسی دەكەن لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی، یەكسانی ، بەشداری لە دەسەڵات ، تا ماف و داخوازیەكان دەستەبەر دەكات.

**بنەما سەرەكیەكانی دیموكراسی :-**

ئەمڕۆ لەجیهاندا هەر ڕژێمێكی دەسەڵاتدار كە لەسەر بناغەی دەسەڵاتی گەل هاتۆتە سەرحوكم دەیەوێت سنووری دیاریكراوی دیموكراسی نەچێتەدەر، دەبێت چەندبنەمایەكی دیموكراسی پیادە بكات تا سیستەمی توندو تۆڵ و لەسەر بنەمایەكی دیموكراسی مەحكەم بێت. یەكەمین و گرنگترین بنەمای دیموكراسی سەربەخۆیی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری گشتییە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دەبێت ڕێڕەوی بڵاو كردنەوەی وا بگرنە بەر، ڕۆژانە تیشك بخەنە سەر لایەنەكانی ژیان،، پێك هاتەی حزب و دەسەڵات، ئازادی، شارەزابوونی تەكنۆلۆژیا، پەیوەندی نێوان جەماوەر و كار بەدەستان، شارەزایی و پێ زانینی خەڵك لە نیاز وبڕیارەكانی دەسەڵاتداران، ئابووری وڵات ... جەماوەر و ئاگاداری پێش بینی و نیازەكانی كار بە دەستان بێت و لە هەمان كاتدا

کاربەدەستانیش گویَ ڕایەڵ و ئەنجامدەری ڕا سپاردەکانی دەسەڵاتداران بن. بنەمای دووەمی دیموکراسی، شارەوانی وئەنجومەنی شارەوانی دەگرێتەوە، کە دەبێت جگە لەوەی بە شێوازێکی دیموکراسی وبە هەڵبژاردن جڵەوی کاریان گرتبێتە دەست، لە ئەنجامدانی کارەکانیان پشت بە ڕای خەڵکی ببەستن، نەك بە زۆر سەپاندن بە سەر خەڵکیدا و سانسۆر بخرێتە سەر خەڵك،ئەنجومەنی شارەوانی کە بە هەڵبژاردن دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست نوێنەری خەڵکین لە دانیشتن و دەنگداندا.. بنەمای سێیەمی دیموکراسی، ئازادی ڕۆژنامە، پەیوەندی کردن بە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بە ڕێگەی تەلەفۆن،..تەلەفزیۆن،. کەرەسەکانی ڕادەربڕینە، کە دەبێت لە سەرانسەری وڵاتدا پەیوەندیەکی بە تین لە نێوان خەڵکی و ڕۆژنامە و ئێزگەکاندا هەبێت ،خەڵك سەربەست بن لە ئازادی و ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نابێت سانسۆریان بخرێتە سەر بە شێوەیەك کارەکانیان لە چوارچێوەیەکی تەسکی مەرام و خواستەکانی کار بە دەستە گەورەکاندا ئەنجام بدەن .

**شێوازەکانی دیموکراسی [1]**

بە شێوەیەکی سەرەکی بە پێی پۆڵێن کردنی سیستەمەکانی فەرمان ڕەوایی بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆڵێن دەکرێن کە سەردەمانێك جیهان دابەش بوو بە سەر دوو بلۆکی سۆشیالیست و سەرمایەداری، لە ئەنجامی گۆڕان و هەنگاونانی ئەم سیستەمانە بۆ سیستەمی دیموکراسی دەتوانین دوو جۆری سەرەکی دیموکراسی دیاری بکەین ئەوانیش دیموکراسیەتی لیبڕاڵ و دیموکراسیەتی شۆڕشگێڕە ، لە توانای ئەم دوو شێوە دیموکراسیەتە نیە کە یەکتر وەلا بنێن و دوور لە یەکتر ئەرك و پێویستی یەکانی وڵات بەڕێوەبەرن کەواتە دیموکراسیەتی ئیتلاف ناوەندێکە لە نێوان دیموکراتیەتی شۆڕشگێڕ و دیموکراسیەتی لیبڕاڵدا کە گونجاوبێت بۆ بەرقەرار بوون ، ئەگەر ئەو سیَ مۆدیلە[2] بیان توانی با جیا جیا و سەربەخۆ شێوازی خۆیان پیادە بکەن و کار نەکەنە سەر یەکتر تێڕوانینە جیاوازەکان و ڕوانین بۆ جیاکردنەوەی شێوازەکانی ئەوەندە گرنگ نەدەبوون هەریەکە دەیانتوانی بە پێی پێوەر ئاکار و ئەنجامەکانی خۆی ، لە مەحەك بدات و بگاتە ئەو ڕاستیەی کە ئایا بە ئەنجامەکانی گەیشتووە یان نا بەڵام ئایا دەزانین کە هیچ کامیان لە کردەوەدا بە شێوەیەکی سەربەخۆو جیاواز ناتوانن بچنە پێشەوە ، ئەگەر نموونەی کردار و بابەتی دیموکراسی لە بەرچاو بگیرێت، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە لاسەنگێکەی تای تەرازوو بە قازانجی دیموکراسی لیبڕاڵ یا دیموکراسی شێوە ڕۆژ ئاواییە، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە دوو شێوەکەی تر هەیە پێیان وایە کە ئەو دوو جۆرەی تر بە پێی خواستی ئەوان باشتر و دروستره .

[1] کوردستانی نویَ ژمارە ٦٢٢ لە ١٩٩٤/٥/٢٤ تێڕوانینمان دەربارەی دیموکراسی،مەهدی کاوانی

[2] ڕێبازی نویَ ژمارە ٣١ ساڵی ٢٠٠٤،لیبڕاڵ دیموکراسی،نوسینی ماك فەرسۆن،و/ڕێباز مستەفا

جۆرێکی تری دابەش کردنی دیموکراسی بە پێی قۆناغەکان لە مێژوودا دیموکراسی کۆن[3] کە لە شارستانیەتی سۆمەر و یۆنانەوە دەستی پێکردووە[4] دیموکراسی تازە ئەو شێوازە دیموکراسیانەیە دەگرێتەوە کە تا ئەمڕۆش خەوی زۆربەی سیستەمە فەرمانڕەواکانن .

**سیستەمی هەڵبژاردن و جۆرەکانی :-**

مێژووی ڕابردووی فەرمانڕەوایی لە سیستەمە جۆراو جۆرەکانی کە تا ئێستا جڵەوی بە ڕێوەبردنیان بەر دەست بووە دەری خستووە هیچ دەسەلاتێك نیە جگە لە دیموکراسی بتوانێ هەتا هەتایی و وەلام دەرەوەی خواست و داخوازیەکانی گەل بێت بێ گرفت و کێشەو گۆڕان لە دەسەلاتدا هاوسەنگی ڕاگرتنی بە رژەوەندی یە جۆر بە جۆرەکانی توێژو چینەکانی کۆمەڵ بێت دیموکراسی هەم دەروازەیەکە بۆ پێکەوە گونجانی بەرژەوەندی یە جیاوازیەکان و هەم مسۆگەر کردنی بەرژەوەندی یەکانیش دەستە بەر دەکات بەوەی کە دیموکراسی لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دێتە ئاراوە، کەی سیستەمی فەرمانڕەوا لە بازنەی پێکەوە گرێدانی بەرژەوەندی یە جیاوازیەکانی گەل چووە دەرەوە ، گەل ماڧ گۆڕان و دانانی کاربەدەستانی تازەی هەیە پرنسیپی هەڵبژاردن بە تایبەتی لەو ولاتانەدا کە تەمەنی سیستەمی دەسەلات تیا دیاری کراوە ، هەر چەند ساڵ جارێك هەڵبژاردن سیمای گۆڕین دەکات بە ڕوخساری سیستەمی فەرمانڕەوادا ، لێرەوە دەچینە بوای هەڵبژاردن و جۆرەکانی کە بنەمای سەرەکی و ئاوێنەی ناسینەوەی سیستەمە دیموکراسیەکانە .

هەڵبژاردن بە شێوەیەکی گشتی :-

هەڵبژاردن واتە هەڵسانی گەل بە دەستنیشانکردن و دانانی ئەو کەسانەی هەرەمی دەسەلات پێکدەهێنن لە ڕێگەی دەنگدانی گشتیەوە ، لەم ڕوانگەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراتی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی ناسینەوەی دیموکراسی و هیچ سیستەمێك بێ هەڵبژاردن و دەنگدان بەرگی ڕاستەقینەی دیموکراسی ناپۆشێ، لە بەرەبەیانی مێژووەوە دیموکراسیەتی کۆن بە هەمان شێوەی ئێستا دیموکراسی نەبوە شێواز و قۆناغی جیاجیای بڕیوە، تا بەو شێوە فراوانەی ئێستای گەیشتوە.

سروشتی هەڵبژاردن و چڕبونەوە لە چەند بۆ چونێکی جیاوازدا:-

**ماڧی کەسایەتی :**

لە بەر ئەوەی کە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ ((کە مەرجی هەڵبژاردنی تیا نابێ))ماڧ دەنگدانی هەیە، هەڵبژاردن ماڧێکی کەسایەتیە کەس لە کۆمەڵدا نابوێرێ و هەموو کەسێ ماڧ دەنگدانی هەیە بەبێ جیاوازی و هیچ ڕێگریەك کە هەڵبژاردن ماڧبێت دووبارە تاکی کۆمەڵ ئازادە لە بەکارهێنانی ئەو ماڧەی ، یان بەکارهێنانی بێ هیچ زەبر و زەنگێك نابێت کەس ناچار بکرێت بۆ بەشداری کردنی

[3] هەمان سەرچاوە

[4] هەمان سەرچاوە

دەنگ دان بە فشار ئەمڕۆ زۆر لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن لە جیهاندا دەکرێ بێ بەشداری کردنی تەواوی سەد لە سەدی هەموو تاکی کۆمەڵ ، بێنە ئاراوە لە هەمان کاتدا پرۆسەی سیمای دیموکراسیانە لە دەست نادات و ئازادە چونکە دنگدان مافێکی کەسایەتیە .

**هەڵبژاردن ئەرکە :-**

پێچەوانەی ڕای پێشوو ، ڕایەکی تری هەیە کە دەڵێن هەڵبژاردن ئەرکەو ماف کەسایەتی نیە ئەرکیش نابێت پشتگوێ بخرێت ئەم ڕایە پشتی بەو بۆچونە بەستووە کە دەڵێن کە سەروەرێتی گەل دەگەڕێتەوە بۆ کەسێەتیەکی پتەو دوور لە دابەشبوون کە کەسێتی نەتەوەیە، کەسایەتی تاکیش ئەندامی کەسایەتی نەتەوەن ، متمانە بون بەو بڕوایە دەمان گەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە دەنگدان ئیلزامیە و بە ئارەزوی تاکەکەس نیە بەشداری بکات یان نەکات، ئەم دوو ڕایە هەردووکیان شایانی ڕەخنە لێگرتنن ڕەخنەی زۆریشی لێگیراوە ، دەرئەنجامی ڕەخنەگرتن لەم دووبۆچوونە بۆچونێکی تر هاتۆتە ئاراوە کە دەڵێت هەڵبژاردن سیستەمێکی یاساییەو دیاری کراوە بۆ هەڵبژێردراو نەك بۆ بەرژەوەندی کەسی بەڵکو بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەم سیستەمە چوارچێوەی ناوەڕۆکی لە لایەن یاساوە دیاری دەکرێن وەك یەکە بۆ هەموو هەڵبژێردراوان بە بێ ئەوەی کەس ماف گۆڕین یان ناوەڕۆکی هەبێت لە کاتی بەکارهێنان و پیادەکردندا، لەگەڵ پیادەکردنی پرۆسەکەدا کە زۆر خۆی لە دەنگداندا دەبینێتەوە ئەو کەسانەی لە لایەن تاکەوە هەڵدەبژێردرێن بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر سنوور دەیانگرێتەوە .

سنووری یەکەم :-

کە سنورێکی دیاری کراوە زۆرتر لە گەڵ بۆچوونی (هەڵبژاردن ئەرکە)دا یەك دەگرێتەوە پێویستە کەسی هەڵبژێردراو توانایەکی زانستی و دارایی هەبێت کەسێکی سادەی ئاسایی نەبێت، کەسەکە لە کەسانی باجدەر بە میری بێت، خاوەن بڕوانامەیەکی زانستیان بە لایەنی کەمەوە خوێندنەوە و نوسین بزانێت و نەخوێندەوار نەبێت، ئەم سنوورە ئێستا زۆر کەم کاری پێدەکرێت چونکە مەرج دارەو دیاری کراوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی ناگونجێت بەڵام مەرجی نوسین و خوێندنەوە تا ئێستا لە زۆر وولات و شوێندا پیادە دەکرێ.

سنوری دووەم :- سنورێ فراوانی بێ مەرجە هیچ لەم پەرو ڕێگایەك لە بەردەم کەسی هەڵبژێردراو دانانێ زۆربەی وولاتان ئێستا لەم سنورە پیادە دەکەن.

سویسرا :-[٥] یەکەم وولات بوو لە ساڵی ١٨٣٠دا بە پێی ئەم سنورە کاری کردوە ، ئەم سنورە فراوانە بێ مەرجە زۆرتر لە گەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا دەگونجێ بەوەی هیچ ڕێگەیەك لە بەردەم

[٥] مبادئ قانون الدستور د.حميد الساعدي كلية قانون جامعة موسل ص٩٠.

کەسی خۆ هەڵبژێردراو دانانێ جگە لە مەرجە یاساییە گشتیەکان کە لە هەموو وڵات و پڕۆسەیەکی هەڵبژاردندا لە بەرچاو دەگیرێ ئەوانیش :-

ڕەگەزنامە :- واتە مافی دەنگدان تەنها بۆ ئەو کەسەیە کە خەڵکی وڵاتەکە و ڕەگەز نامەی ئەو وڵاتەیان هەیە کە پڕۆسەی دەنگدانەکەی تیا دەکرێ بێگانەکان کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان نیە و لەو وولاتەدان لە ساتی پڕۆسەی دەنگداندا ناتوانن بەشداری پڕۆسەکە بکەن ئەوەی شایانی باسبێت بە پێی پێدانی ڕەگەنامە دوو جۆر هاولاتی پڕۆسەی دەنگدان دەیانگرێتەوە هاوڵاتی ڕەسەن مەبەست ئەو تاکانەیە کە لە وولاتەکەدا لە دایك بوون لە وولاتیکی بێگانەوە نەهاتوون کە دواتر ڕەگەزنامەی ولاتیان وەرگرتبێت هاولاتی ڕەگەزنامە وەرگر: مەبەست لەو هاولاتیانەیە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی وولاتەکە نین و لە وولاتی بێگانەوە هاتوون لە وولاتەکەدا ماوەیەکی زۆر ماونەتەوە تا ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە ڕێسای هەندێ وولات جیاوازی دەکات لە نێوان هاولاتی بنەڕەتی ئەو هاولاتیانەی کە ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە ئەوانەی کە ڕەگەزنامە وەردەگرن هەتا ماوەیەکی زۆر کە زۆر جار تا (٥) ساڵ ناتوانن خۆیان هەڵبژێرن یان هەندێ وولات لە نمونەی عێراق ئەوانەی کەە خۆیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرایەتی هەڵدەبژێرن دەبێت لە عێراقدا لە دایك بن لە دایك و باوکێکی عێراقی ئەسڵ بن[٦] .

هۆشمەندی :-

یاساکانی هەڵبژاردنی هەموو وڵاتان مەرجی هۆشمەندیان بۆ هەڵبژاردن هەیە یان دەنگدەر لە ڕوی ژیری و هۆشەوە مرۆڤی ئاسایی بن تەمەنی منداڵیان تێ پەڕاندبێ و خاوەن ئیدارەی تەواو بن چونکە بێ ئیرادەی تەواو مرۆڤ ملکەچی خواست و ویستی خۆی نابێت و ناکرێت بێ هۆشمەندی بەشداری پڕۆسەی دەنگدان بکات هۆشمەندیش بۆ مرۆڤی ئاسایی بە ساڵ پێوەر دەکرێت دوبارە یاساکانی وولات هەموویان لە دیاریکردنی ساڵی هۆشمەندیدا وەك یەك نین، هەیانە ١٨ ساڵەو وولاتی وا هەیە تا ٢١ساڵ مرۆڤ بە هۆشمەندی تەواو دانانێت ئێستا زۆربەی وولاتان لەوانە عێراق کار بە ١٨ساڵ دەکات و وەك پێوەرێك بۆ دیاری کردنی هۆشمەندی بەکاری دەهێنێت .

لێهاتووی ئەدەبی :-

لێرەدا مەبەست لە لێهاتوویی لە ڕووی کەتنەوەیە ، نابێت ئەو کەسانەی کە خۆیان هەڵدەبژێردرێن کەتنی گەورەی شەرەفشکێن وەك (تەزویرکردن ، دزی ماڵی دەوڵەت ، خیانەتی ئاسایش ، جاسوسی کردن بۆ بێگانە) یان ئەنجام دابێت ، لە سەر ئەو کەتنە حوکم درابن یاساکانی زۆربەی وولاتان کەتنی گەورە (جنایە) لە کەتنی بچوك (جنحە) جیا دەکەنەوە حوکم دراو بە کەتنی بچوك بەشداری پڕۆسەی هەڵبژاردن دەکات و خۆیان هەڵدەبژێرن تەنها ئەگەر لە حوکمەتدا هاتبێ کە

[٦] قانون مجلس الوگن العراقی رقم ٥٥ لسنه ١٩٨٠

نابێت خۆ هەڵبـژێرن لـەم حاڵەتەشدا بێبەشکردنی کاتی دەبێت و دوای حوکم دراوەکە ماف بۆ دەگێڕێنرێتەوە .

ڕەگەز (الجنس) :-

لە کۆندا وولاّتان جیاوازیان لە ڕەگەزدا دەکرد و تەنها ڕێگە بە ڕەگەزی نێرینە دەدرا خۆ هەڵبـژێریٚ بەڵام ئێستا کار بەو بۆچوونە ناکرێت هەردوو ڕەگەز بیٚ جیاوازی ڕێگـە دەدرێن خۆیـان هەڵبـژێرن ئەوی شایانی باس بێت ئێستاش هەندێك وولاّت ڕێگە نادەن ڕەگەزی ژن خۆیان بۆ هەندێك پۆست و نوێنەرایەتی هەڵبژێرن .

## دەست پێکەکانی هەڵبژاردن

### ئامادەکردنی لیست :-

دەبێت لیست ئامادەبکرێت بۆ هەموو ئەوکەسانەی دەنگ دەدەن وەلیستەکە ناوی ئەو کەسانەی تێـدا بێـت کەمەرجـەکانی هەڵبـژاردنیان تێدایـە، دەبێـت لیسـتەکان بەماوەیـەکی پـێش پرۆسـەکە دروسـت بکـریٚ کەئەمـەش کـات ومانـدوبوون وبـەهرەداری دەویٚ بـۆ سـاغ کردنەوەوبێژنـەو تەتەڵـە کردنی ناوەکانیش چەند لیژنەیەك دروست دەکریٚ لیژنەکان مەرجەکان هەڵبژێراوانیان لایە بەپێی مەرجەکان چاو بەیەك یەکی ناوەکانـدا دەخشێننەوە بۆ تـاووتوێکردنی ڕاست ودروسـتی کردنـی ناوەکـان، بەپێی مەرجـەکان هەڵبـژاردن هـەر ئـەم لیژنانـە توانـای سـڕینەوەی نـاوی ئـەو کەسـانەیان هەیە کەمەرجەکانیان تێدانیەو ناوی کەسانی تر لەجێگەکەیان دادەنێن تێکڕای هاولاّتیان کـەدەنگ دەدەن توانـــای چـاودێری وهاوکـــاریکردنی لیژنـــەکانیان هەیـــە، دەبێـــت ناوبــەناو بلاّوبکرێتـــەوە تاهاولاّتیان حەقی ڕەخنەگرتن یـان سـڕینەوەی نـاوی مـردووان یـان فەرامۆشـکردنی ئـەو کەسـانەی کەحەقی دەنگ دانیان هەیە هەموو ئەوحەقانەش کە لەلایەن هاولاّتیانـەوە پیـادە دەکـریٚ ماوەیـەکی دیاریکراوی بۆ دادەنرێت، کە ماوەکە تەواوبوو هاولاّتیان ماف بەکارهێنانی ئـەو حەقـەیان نامێنێت بەتایبەتی دوای چەسپ کردن وداخستن چونکە ئەولیستانە دەبنەقەرینەیەکی یاسایی .

ناوچە یان بازنەی هەڵبژاردن :- ئەو وولاّتەی کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت دەکرێنـە چـەند بـەش و ناوچەیەکەوە ، هەر ناوچەیەك دەبێتە بازنەیـەکی هەڵبـژاردن شـێوازی هەڵبـژاردنی وولاّتـەکان چـون یەك نین ، بـەلاّم هـەر وولاّتێك چ جۆرە هەڵبـژاردنێکی دیـاری کـرد دەبێـت تێکڕای بازنـەکان هـەمان جۆری هەڵبژاردن پیادە بکەن ناکرێت دوو شێوەی هەڵبژاردن جۆراو جۆر لە دوو بازنەی وولاّتێکدا پیادە بکرێت مەگەر بڕیار یـان تایبـەتمەندیـەك لـەو هەریـەم و بازنانـەدا هـەبێت و پێشتر بڕیـاری لـە سەر درابێت ، دەکرێت بازنەکان یەکسان بن ، هەر بازنەیەك یەك نوێنەری هەبێت ، ئەگـەر بازنـەکان یەك کەس بن و یەك نوێنەر بن ، وولاّت دەکرێت بە ناوچـەی گـەورە گـەورەوە دانیشـتوان کۆمـەڵێك نوێنەر هەڵدەبژێرن بە پێی ژمارەی خۆیان .

**جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردن**

هەڵبـژاردنی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ :- هەڵبـژاردنی ڕاسـتەوخۆ واتـە هەڵبـژاردنی ئەنـدامانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلـەوە ،کە لـە ڕوی دیموکراسیەوە ئـەم جۆرە لـە هـەموو جۆرەکانی هەڵبژاردن دیموکراسی ترە، ڕاستەوخۆ ئەندامان لە لایەن گەلـەوە هەڵدەبـژێردرێن ، هەڵبـژاردنی نا ڕاستەوخۆ خۆیشی کە ئێستا کەمتر لە جیهاندا پیادە دەکرێ ئەوەیە گەل تەنها دەنگ بە چەند ئەنـدامێکی دەدات لـە دوایـدا هـەر ئـەو ئەندامانـە مـافی هەڵبـژاردنی پەرلـەمانیان هەیـە سیسـتەمی ناڕاستەوخۆ تەنها بە قازانجی ڕژێمە کۆنە پەرستەکان دەگەڕێتەوە بۆ خۆ دزینـەوە لـە ئەنجامدانی دەنگدانی گشتی .

هەڵبژاردنی تاك و هەڵبژاردنی لیست :- لە هەڵبـژاردنی تـاك دا وولآت دەکرێتـە چـەند بازنەیـەك بـۆ هەڵبژاردن هەر بازنەیەك یەك ئەندامی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت بۆیە بازنەکان دەبێت بچووك و زۆر بن ، بـەلآم لـە هەڵبـژاردنی لیسـتدا ولآت دەکرێت بـە چـەند بازنەیـەکی گـەورەوە دەبێـت بازنـەکان فـراوان بـن و هـەر بازنەیـەکی هەڵبـژاردن چـەن ئەنـدامێکی پەرلـەمان هەڵدەبـژێرن ، ئەندامـەکانی پەرلەمان لە چەند لیستێك پێکدێت هەر کەسێك دەنگ دەداتـە یـەکێك لـەو لیسـتانە ئەمـەش بـە دوو شێواز دێت :-

شـێوازی داخـراو :- ئـەم شـێوازە تـا ڕادەیـەك سەربەسـتی لـە دەنگدانـدا کـەم دەکاتـەوە چـونکە لیستەکان داخراون و تایبەتن بە حیزبێکی دیاری کراو یان حیزب دایناوە دەبێت دەنگ بدرێت بە بێ ڕەچاوی پۆلێنی ناوەکان ، کە دەنگ بە لیستەکە دەدەین دەنگ بە هەموو ناوەکان دەدەیـن ، کە ڕەت دەکرێنــەوە هــەموو ناوەکــان ڕەت دەکرێنــەوە واتــە دەنــگ دان بــە لیســتی داخــراو هــیچ گۆڕانکاریەك ناکرێت لە لیستەکاندا

لیستی کراوە :-

واتە هەر کەسێك بۆی هەیـە دەنـگ بداتـە چـەند پاڵێوراوێـك لـە نێـوان لیسـتە جیاوەزەکانـدا هـەڵیان بـژێرێت دەتـوانێ لیسـتی تـازە دروسـت بکـات بـە ئـارەزووی خـۆی چـونکە لیسـتەکان کـراوەن پاڵێوراوەکە لە تاکەکانن کە خۆیان هەڵدەبژێرن .

هەڵبژاردنی زۆربە :-

واتە هەر پاڵێوراوێك کە لـە پاڵێوراوەکـانی تـر زیـاتر بێـت دەنـگ بـە دەس بێنێـت دەبێـت ئەندامانی پەرلـەمان وەك نوێنـەری ناوچـەکەی خـۆی ئـەم جـۆرە لـە هەڵبـژاردنی تـاك یـان لیسـتەکە کـاری پـێ دەکرێ و دوو شێوازی هەیە :

شێوازی زۆربەی ڕەها :-

بە پێی ئەم شێوازە هەر پاڵێوراوێك دەبێ زیاتر لە نیوەی دەنگەکـانی ناوچـەیەکی هەڵبـژاردن بێنـێ بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی دەنگ دەدەن (١٠٠٠٠٠) کـەس بێـت زۆربـەی ڕەهـا دەکاتـە

زیاتر لە (٥٠٠٠) دەنگ ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك ئەو ژمارە دەنگە نەهێنێت دەنگ دان دووبارە دەكرێتەوە بەلاَم ئەم جارە هەڵبژاردن بە ڕادە دەبێت واتە ئەو پاڵێوراوەی كە دەنگی زیاتر بێنێت براوەیە .

شێوازی زۆربەی بە ڕادە :–وەك هەر پاڵێوراوێك كە لە پاڵێوراوەكانی تر زیاتر دەنگ دەست بێنێت ئەوە براوەیە بیٚ گوێدانە ڕادەی ئەو دەنگانەی كە بە دەستی دێنێت بە رامبەر بە كوٚی دەنگەكان بیٚ گوێدانە ئەوەی لەنیوە زیاتر یان كەمتر بەلاَم هەندێك لە یاساكان ڕادەیەكی كەم دەست نیشان دەكەن و دەڵێن هەر پاڵێوراوێك نابێت لە ١/٤ دەنگەكان كەمتر بە دەست بێنێت .

سیستەمی نوێنەرایەتی بە ڕادە :–

بە پێی ئەم سیستەمە دەكرێت لیستەكان لیستی دژ بە یەك بن لە حاڵەتی زۆربەی بە ڕادەدا ئەو لیستەی زۆر بە دەست دێنێت براوەیە و لیستەكانی تر پشت گویٚ دەخرێن بەلاَم لە حاڵەتی نوێنەرایەتی لیستە جیا جیاكاندا بە پێی ژمارەی ئەو لیستانەی كە بە دەستی هێناوە .

دوو ڕێگە هەیە بۆ سیستەمی بە ڕادە هەیە :–

نوێنەرایەتی بە ڕادەی تەواو[7] :–

بە پێی ئەم سیستەمە نشینگەكانی (مقعد)ە كانی پەرلەمان دیاری دەكریٚ بەرامبەر هەر نشینگەیەكی پەرلەمان ژمارەیەكی كەس دەنگ دەدات بۆ نموونە بازنەیەكی پەرلەمان (٥) نشینگەی بۆ دیاری كراوە (٨٠) هەزار كەس دەنگ دەدات بەم پێیە ژمارەی یەكگرتوو دەكاتە ٨٠٠٠٠/٥ =١٦٠٠٠ دەنگ وە گەر پێنج حیزبی وەك (أ،ب،ج،د،ھ) هەبن أ٢٧ هەزار بێنێت ب ٢٣٠٠٠ دەنگ بێنێت ج١٥٠٠٠هەزار دەنگ بێنێت د٧٦٠٠ هەزار دەنگ بێنێت ، ٧٤٠٠هەزار دەنگ بێنێت كەواتە هەر یەكەو نیشینگەكە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە ئینجا دەنگەكان ج،ھ،د لە گەڵ ئەو دەنگە زیادانەی دراونەتە أ،ب دەخرێنە سەر ئەو دەنگانەی لە شوێنی تر دەسیان دەكەوێت سیٚ نشینگە بە تاڵەكەشی لە گەڵ دەنگەكانی تر دوبارە كۆ دەكرێتەوە دیسانەوە دابەش دەكرێن .

نوێنەرایەتی بە ڕادەی نزیك [8] :–

بۆ دابەش كردنی ئەو نشینگانە كە هەڵبژاردن كراوە لە ناوچەیەكی هەڵبژاردن ماونەتەوە بە سەر هەمان ناوچە شێوازی پاشماوەی بە هێز بەكار دەهێنیٚ بەم شێوەیە سیٚ نشینگە بەتاڵەكەی سەرەوە دابەش دەكرێت بە سەر أ،ب،د چونكە ئەو دەنگانەی ماونەتەوە بەم شێوەن م=١١ هەزار ج=١٥هەزار د=٧٦٠ نیشینگەكان بەم شێوانەی خوارەوە دابەش دەكریٚ :

---

[7] هەڵبژاردن ،سیستەمە جۆرەكانی كوردستانی نویٚ ژمارە ٢٧ئامادەكردنی سەردار عەبدول كەریم

[8] هەمان سەرچاوە ڕاگەیاندنی مافەكانی مرۆڤ بلاَوكراوەی ماڤ مرۆڤی (ی.ن.ك)

| لیست | دەنگەکان | نشینەکان |
|---|---|---|
| أ | ٢٧هەزار | ٢ |
| ب | ٢٣هەزار | ١ |
| ج | ١٥هەزار | ١ |
| د | ٧٦٠٠ | ١ |
| ھ | ٧٤٠٠ | سفر |

**پەیوەندی مافە سیاسیەکان لە گەڵ دیموکراسیدا :-**

**کاتێك کە دەسەڵاتە بنچینەیەکانی کۆنترۆڵی خەڵك بە سەر کاروباری گشتی وولاٌت وەك یەکی تاکی کۆمەڵ دەست پێدەکات کە ڕەنگ دانەوەی دیموکراسی دەسەلاٌتە بە گشتی .بە دوو شێوازی جیا دەتوانین پڕەنسیپەکانی دیموکراسی لە وولاٌتێکی دیموکراسی مۆدێرندا دەست نیشان بکەن کە چەند بەری دیموکراسیان هەیە :**

**شێوازەکانی دیموکراسی :**

**شێوازی یەکەم :- دەرخستنی ئەو دەستگایانەیە پێشتر بانگەشەیان بۆ کراوە لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی نێوان حیزبەکاندا وەك هێزی دادگایی سەربەخۆ بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو لێپرسراوانی دەوڵەت بەپێی یاسا دانراوەکانی هێزی دەوڵەت کاردەکەن، ئازادی چاپەمەنی و سەربەخۆیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی بە دواچونەوەی کارەکانی حکومەت وخەڵك لێ ئاگادار کردنەوەی دەزگایی جیا جیا بۆ لێپرسینەوە لە مافەکانی خەڵك هەموو ئەو دەستگایانەی دەتوانن بۆ کۆنترۆڵی خەڵك یارمەتی حکومەت بدەن دەشێ بە دیموکراتیك لە قەڵەم بدرێن بە مەرجێك کار بۆ ئەو پڕنسیپە دیموکراسیانە بکەن کە لە ئان وساتی هەڵبژاردن ئاماژەیان بۆ کردوە.**

**شیوازی دووەم :-ڕەنگ دانەوەوە پڕاکتیك کردنی ئەو مافەی مرۆڤ کە بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ناسراوە بە پێی مادەی ١٨ی ڕاگەینراوی جیهانی مرۆڤ،(هەموو مرۆڤەکان مافی ئازادی و بیرکردنەوە ،ویژدان و ئاینیان)هەیە کە لە مادەی ١٩دا زیاتر ڕوون دەبێتەوە نوسراوە(هەموو مرۆڤەکان مافی ئازادی و بیر و باوەڕ و ڕادەبرینیان هەیە... ئازادە گەڕان، کارکردن، بلأوکردنەوەو زانیاری)تا لە مادەی ٢٠دا دەڵێت((هەموو مرۆڤەکان مافی ئازادی کۆبونەوەو خۆ ڕێکخستنی ئاشتیان هەیە)).**

**وەدی هاتنی مافە سیاسی و مەدەنیەکانی مرۆڤیش لە بەر قەرار بوون و دیموکراسیدایە، دیموکراسی و مافی مەدەنی و سیاسیەکان تا ئاستێکی قوڵ بە یەکەوە پەیوەستن کە ڕوانگەی یەکسانی مافەکانی تاکو کۆمەڵە هەردووکیان بە یەك مەبەست لە زاتی مرۆڤ دەڕوانن کرۆکی هەر دووکیان لە سەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە بەلاٌم دەبێت ئەوەش بزانین هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی**

دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە بێ پەیڕەو کردنی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیریەکان نا تەواوە، سیستەمی دیموکراسی خۆی لە بەرقەراربوونی تێکڕای مافەکان،(سیاسی ، ئابوری ، مەدەنی ، ڕوناکبیری)دا دەبینێتەوە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان وەك مافی کارکردن ، مافی زامنی کۆمەڵایەتی ،مافی بوونی ئاشتی و باشی ژیان لە ڕووی دابین کردنی جلوبەرگ ،خواردن ،خانوو... مافە ڕوناکبیریەکانیش ،سود وەرگرتن لە زانست کەلتوور ،ئەدەب ،خوێندن، بڕوانامە،...دەگرێتەوە بەڵام جیاوازی لە نێوان پیادە کردنی ئەو دوو جۆرە مافەدا شتێکی ئاسایی یە ،ناکرێ وەك یەك و لە یەك ئاستدا بن زۆرتر مافە مەدەنی و سیاسیەکان پێوەرن بۆ ناسینەوەی ڕژێمە دیموکراتیەکان شان بە شانی مافە ئابوری و ڕوناکبیریەکان هەر وەك یەکسانی تەواوی مەدەنی و سیاسی و پێویستی بە یەکسانی تەواوی ئابوری نیە لە کاتێکدا دەوڵەمەندەکان دەتوانن سود لە ئابوری و سامانی خۆیان وەرگرن ، هەژارەکان ڕوو بە ڕووی هەژاریەکی وا نەبنەوە کە نەتوانن سود لە مافە بنچینەیی و سیاسیەکانی خۆیان وەربگرن ئەگینا سیستەمەکە چەند دیموکراسی بێت لارە سەنگ دەبێت لە پیادەکردندا .

**دەرئە نجام :-**

لە ڕوی مێژوییەوە دیموکراسی یەکێکە لە جۆرەکانی سیستەمی فەرمان ڕەوایی هەر چەندە تا ئێستا هیچ سیستەمێکی فەرمان ڕەوایی لە جیهاندا نەبووە ١٠٠٪ خواستی هەموو گەل دابین بکات و هیچ جۆرە نەیار و بەرهەڵستێکی نەبێت، بەڵام سیستەمی دیموکراسی ئەمڕۆ یەکێکە لە سیستەمە باوە بێ گرفتەکانی جیهان بە بەراورد لە گەڵ سیستەمە فەرمانڕەواکانی تردا، هەرچەندە سیمای ناسینەوەی سیستەمە دیموکراسیەکان کتومت وەك نین و هەر وولاتێك بە پێی تێگەیشتنی لە دیموکراسی و ڕەخسانی هەلومەرج شێوازێکی جیا پەیڕەوی دەکات بەڵام دەبێت مەسەلەکانی پەیوەست بە دیموکراتی و مافە ئازادی مەدەنیەکان لە سیستەمەکەدا هەبێت کە زۆرتر هەڵبژاردن ، فرەحیزبی ،دەستەبەرکردنی مافی تاك و کۆ دەگرێتەوە ، هەر سیستەمێك لە چوار چێوەکانی دیموکراسی لایداو شکایەوە بە لای جۆرێکی تردا ئەوا ڕەنگ و دەنگی دیموکراسی لە دەست دەدات هەرچەندە بۆ خۆی لاف و گەزافی دیموکراسی لێبدات ، ڕواڵەت و چوارچێوەکانی دیموکراسی ئاشکران و لە بەیت و بالۆرەی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان فەراهەم ناکرێت ،دیموکراسی بێ بوونی مافە مەدەنی ،سیاسی، ئابوری ،ڕوناکبیریەکان فەراهەم نابێت و دوو شتی بەیەکەوە گرێدراو بەیەکەوە لکاون نەبوونی ئەم مافانە جگە لەوەی وەدەست هێنانی دیموکراسی نیە، بەردەوامی درێژخایانی ئەو دەستگایانە دەخاتە مەترسیەوە کە بەیت و بالۆرەی دیموکراسی لێدەدەن چونکە وەدەست هێنانی ئەو مافانە مەرجێکی جەوهەری ناسینەوەی ڕژێمە دیموکراتیەکانە ،بە شێوەیەکی سەرەکی ئەمڕۆ سیستەمەکانی جیهان بە سەر دوو شێوازە تەواو جیاو دوور لە یەکتر دابەش دەبن کە دیموکراتی و دیکتاتۆریە، ڕەنگە شێوازی تر لە جیهاندا هەبن بەڵام کە لێی ورد دەبێتەوە بە لای جۆرێکیاندا دەشکێتەوە ئەمڕۆ لە جیهاندا شکانەوە بە لای سیستەمە دیموکراسیەکاندا زۆرترەو تا دێت ڕژێمە دیکتاتۆریەکان لە ناو دەچن .

# بنەما سەرەتایی یەکانی دیموکراسی

دیموکراسی یا دەسەڵاتی گەل ، سیستەمێکی حوکمڕانی باوە لە حکومەتێکی دیموکراتی هەڵکەوتوو کە خەڵك لێی ڕەزامەندە بەرقەراوە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵك هەمیشە و ڕاستەوخۆ لە نەخشە کێشانی سیاسی وڵاتدا بەشدارن ، بەڵکو حکومەتە دیموکراتیەکان زۆرتر بە شێوەی دەنگدان هاتوونەتە ئاراوە ، تێکڕای خەڵك بە دەنگدان بەشداری پێك هێنانی هەرەمی دەسەڵاتی کردووە ، نوێنەری خۆی هەڵبژاردووە ، هەر نوێنەرێك دەنگدانەکانی لە بڕیارەکاندا کۆی دەنگی خەڵك دەنگ بۆ دەرەکەی دەگەیەنێت ، گوزارشت لە خواست و مەرامەکانی خوار خۆی دەکات .دەنگدانی نوێنەرەکان بە مانای بەشداری خەڵك لە دەسەڵاتی گەلە، چونکە ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکەکەن . شێوازەکانی دیموکراتی ڕاستەقینە لە هەر ڕژێمێکی سیاسیدا شێوازی (هەڵبژاردنی ئازاد)، (هەر ئەندامێ واتە دەنگێ) و (قبولّ کردنی ڕای زۆرینە و ڕێز گرتنی ڕای کەمینە) پیادە دەکات .

سیستەمی دیموکراتی وەفادار بۆ خەڵکە دەنگ دەرەکەی بە بێ چۆن و بۆچی ؟ پرس و ڕای ئەندامەکان شتێك پەیڕەو ناکات ،ئەگەر ئەوانەی کە لە هەرەمی دەسەڵاتدان، لە سنووری دیاریکراوی دیموکراسی پیادە کراو چوونە دەرەوە ، ڕژێمی فەرمانڕەوا دەسەڵاتی هەیە، لا دەرەکانی دیموکراسیەتی پیادە کراو بخاتە دەرەوەی هەرەمی دەسەڵات.لە بەرامبەر ڕژێمە دیموکراتیەکاندا ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دێنە ئاراوە ، لەم سیستەمە فەرمانڕەوایانەدا هەرەمی دەسەڵات دەکەوێتە دەس کەسێك یا حزبێکی فەرمانڕەواوە کە بە پێی خواست و بەرژەوەندی یەکانی لوتکەی هەرەمی دەسەڵات کە بە دەست چەند کەسێکەوەن ، فەرمانڕەوایی دەکات،دەسەڵاتی گەل بە هیچ جۆرێك لە بڕیارەکاندا بوونی نی یە .

واتە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ،ڕژێمێکی فەرمانڕەوای ئازادن لە سەر شێوازی قبولّ نەکردنی ڕای زۆرینەو بەرژەوەندی ڕای چەند کەسێك درێژە بە سیستەمە فەرمانڕەوایی یپەکەیان دەدەن، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لایەنگری ڕژێمەکەن زۆر دەگمەنن بەرامبەر ئەو کەسانەی کە نەیار و بەر هەڵستکاری فەرمانڕەواین، دەرەنجامی نایەکسانی ئەم هاوکێشەیە، ڕژێمە فەرمانڕەواکانی کە زەبر و زەنگ بەکاردێنن، ڕوو دەکەنە پیادە کردنی سیستەمی دیکتاتۆری بەرامبەر درێژە پێدانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکەیان و سەرکوتکردنی زۆرینەی بەرهەڵستکار. ئەگەر چی ئەمڕۆ ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لە پۆڵێن کردنی سیستەمە فەرمانڕەواکاندا دوو جۆری سەرەکی دەبینین یا دیکتاتۆری یا دیموکراتی، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی سیستەمە فەرمانڕەواکان، نەدیموکراتی تەواو نە دیکتاتۆری تەواون، بە پێی پرنسیپەکانی هەر یەك لە شێواز و پێك هاتنی ئەم سیستەمانە بەڵکو یان بە دەسەڵاتێکی ناوەند یان شکانەوە بە لایەکیاندا سیستەمی ئیدارەی وڵات بەڕێوە دەبەن کە ڕەنگە لە ئایندەدا یان خۆیان لە سیستەمێکی تەواو بە لایەکیاندا یا وەك خۆیان بمێننەوە و گۆڕانیان بە سەردا نەیەت ، بەڵام ئەو سیستەمانەی کە لە بنەڕەتدا بەلای شکان بۆ دیکتاتۆریەت هاتونەتە

ئاراوە، زۆر بە زەحمەت دەتوانن ناوەڕۆکی سیستەمەکەیان بۆ دیموکراتی بگۆڕن بەڵکو هەر لە ڕوخساردا چەند بەیت و بالۆرەیەکی دیموکراتی لێ دەدەن، بەڵام بە پێچەوانەوە هەموو حوکمێکی دەسەلاتی گەل بە ئاسانی بەلای دیکتاتۆریەتدا دەشکێتەوە ئەگەر لە درێژە پێدانی حوکمی فەرمانڕەواییدا بنەما سەرەکیەکانی دیموکراتیەت پیادە نەکات.
ئەمڕۆ زۆر لە ڕژێمە فەرمانڕەواکانی جیهان، ڕێژەیەکی زۆری کار بەدەستانیان لە چینە دەوڵەمەندەکان، خاوەن کارگەکان، خاوەن کێڵگە کشتوکاڵیەکانن، سەرمایەدارانن بە دەنگدان جڵەوی کاریان گرتووەتە دەست، ناتوانین بە ڕژێمەکانیان بڵێین دیموکراتی نین لە کاتێکدا بنەماکانی دیموکراتی پیادە دەکەن، بەڵکو دەتوانین بڵێین ١٠٠٪ بنەماکانی دیموکراتی پیادە ناکەن. یان هەندێك لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لە ناوەندەکانی خوارەوە یان شوێنی وەك وەك شارەوانیدا بە هەڵبژاردن و دەنگدان لێپرسراوەکانیان دادەنێن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ڕژێمانە دیموکراسین وەك خۆیان بەیت و بالۆرەی بۆ لێدەدەن، بەڵکو دەبێت هەرەمی دەسەلاتیانبە دەنگدان و بە پێی ئارەزوو ویستی خەڵك هاتبنە سەر دەسەلات و لە فەرمانڕەواییشدا بنەماکانی دیموکراسی پیادە دەکەن .

## پۆلێنکردنی بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسی :

ئەمڕۆ لە جیهاندا هەر ڕژێمێکی دەسەلاتدار کە لەسەر بناغەی دەسەلاتی گەل هاتۆتە سەر حوکم دەیەوێت لە سنووری دیاریکراوی دیموکراسی نەچێتە دەر، دەبێت چەند بنەمایەکی دیموکراسی پیادە بکات تا سیستەمی فەرمانڕەوایی توند و تۆڵ و لە سەر بنەماکانی دیموکراسی مەحکەم بێت. یەکەمین و گرنگترین بنەمای دیموکراسی ڕۆشنبیری گشتی یە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبێت ڕێڕەوی بلاو کردنەوەی وا وەربگرن، ڕۆژانە تیشك بخەنە سەر لایەنەکانی ژیان، تەندروستی، پێك هاتەی حزب و دەسەلات، ئازادی، شارەزابوونی تەکنۆلۆژیا، پەیوەندی نێوان جەماوەر و کار بەدەستان، شارەزایی و پێ زانینی خەڵك لە نیاز و بڕیارەکانی دەسەلاتداران، ئابووری وڵات ...
جەماوەر و ئاگاداری پێش بینی و نیازەکانی کار بە دەستان و گوێ ڕایەڵ و ئەنجامدەری ڕا سپاردەکانی دەسەلات بن. بنەمای دووەمی دیموکراسی، شارەوانی و کار بەدەستانی شارەوانی دەگرێتەوە، کە دەبێت جگە لەوەی بە شێوازێکی دیموکراتیانە جڵەوی کاریان گرتبێ بە دەست لە ئەنجامدانی کارەکانیان پشت بە ڕای خەڵکی ببەستن، نەك بە زۆر سەپاندن بە سەر ڕای خەڵکیدا و سانسۆر بخرێتە سەر ڕای خەڵك بۆ نموونە کردنەوەی وەرزشگایەك یا مەرکەزێکی ڕۆشنبیری گەورە دەبێت ڕای گشتی لەسەر بێت، نوێنەرانی شارەوانی کە بە هەڵبژاردن دەسەلاتیان گرتۆتە دەست نوێنەری خەڵکن لە دانیشتن و دەنگدانەکاندا. بنەمای سێیەمی دیموکراسی، ئازادی ڕۆژنامە، تەلەفۆن بۆ ناوەوەو دەرەوە، تەلەفزیۆن... کەرەسەکانی تری ڕادەربڕین، کە دەبێت لە سەرانسەری وڵاتدا پەیوەندیەکی بە تین لە نێوان خەڵکی و ڕۆژنامە و ئێزگەکاندا هەبێت خەڵك

سەربەست بن لە ئازادی ڕادەربڕین و رەخنەگرتن، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نابێت سانسۆریان بخرێتە سەر بە شێوەیەك کارەکانیان لە چوارچێوەیەکی تەسکی مەرام و خواستەکانی کار بە دەستە گەورەکاندا ئەنجام بدەن، بۆ نموونە لە سیستمی سۆشیالیستی یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا، تەلەفۆنەکان بۆ ناوەوەو دەرەوە سانسۆریان دەخرایە سەر، دەنگ و باسەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن دەشێوێنراو وەك راستی ڕووداوەکان کە هەبوون بڵاو نەدەکرانەوە. بەڵکو بە پێی بەرژەوەندی کاربەدەستانی رژێمی فەرمانڕەوا، تەنها فەرمانڕەواکان بۆ خەڵك دەدوان، خەڵك کۆنترۆڵ دەکراو بەیان و بڵاوکراوەکان بڵاو دەکرانەوە، بە بێ پرسی خەڵك و هاو هەڵوێستی لە سەر ئەو کارانەی ئەنجام دەدرا لە سەرانسەری وڵاتدا. بنەمای چوارەمی دیموکراسی، رەفتار کردنی دەوڵەت و کار بەدەستەکانێتی لە گەڵ هەر سێ چین (باڵا ، مام ناوەندی ، هەژار) وەك یەك یاساکانی داڕێژراو بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەت بۆ خەڵکی یەکسان بن، دەوڵەت کار بکات بۆ زیاتر کردنی یەك چینی مام ناوەند لە ڕووی دارایی و خۆشگوزەرانی ژیانەوە ، جیاوازی نێوان ئەم ریژەی زۆر دەوڵەمەند و ئەو ریژەی هەژار نەهێڵێ و کار بۆ یەکتر گەیشتنیان بکات بە تێکەڵ بوونیان و پێك هێنانی چینێکی مام ناوەند. ئەگەر وولات لە دوو چین هەژار و دەوڵەمەند پێك هاتبوو ئەوا ناوەندی دەسەڵات تێبکۆشێ بۆ پێك هێنانی چینێکی ناوەند و یەکسان لە کار و فرمانەکاندا چونکە زۆرتر چینی مام ناوەند وابەستەن بە ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە، بوونی مەودایەکی زۆر لە نێوان دوو چینە دەوڵەمەند و هەژارەکەدا سیستەمە فەرمانڕەواکە لە کەدار دەکات و دەبێت بە پێی بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار رەفتار بکات و مافەکانی چینی هەژاریش خۆی لە بەرژەوەندی چینی سەرمایەداردا نابینێتەوە و پێشێل دەکرێ . هەر بۆیە ئەو ڕژێمانەی کە زۆرتر لە چینە مام ناوەندەکان پێك هاتوون و چینە دەوڵەمەند و برسیەکان کەمترن زۆرتر سیستەمی دیموکراسین، دیموکراسییان تیا چەسپیوە، بە پێچەوانەوە ئەو ڕژێمانەی کە زۆرتر ڕەنگدانەوەی دوو چینن، بە مانای کەمتر پیادە کردنی ڕێڕەوی دیموکراسییە چونکە ڕژێمە دیموکراسیەکان دەبێت هەمیشە کار بۆ خۆشگوزەرانی تێکڕای هاوڵاتیان بکەن.

بنەمای پێنجەمی دیموکراسی ئازادی و سەربەستی پرۆگرامەکانی پەروەردەیە ، نابێت کتێب و بەرنامەکانی پەروەردە هەر ستایش و پیاهەڵدانی ڕابردوو ئێستای فەرمانڕەواکان بێت وەك هەندێك سیستەم پیادەی دەکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم شێوازانە شێوازی پرۆگرامی پەروەردەیی رژێمە دیکتاتۆر و سەرکوتکرەکانن. رژێمە دیموکراسیەکان دەبێت زۆر بە بایەخەوە سەیری مێژووی ڕووداوەکان بکەن کارەکان وەك بووە وا هەڵبەستن لە ئاوێنەی مێژوودا، پرۆگرامی پەروەردە، پرۆگرامێکی بێ لایەن بێت لە خزمەت کردن و پێگەیاندنی نەوەکاندا بە هیچ رابردوو سیستەمێکی فەرمانڕەوا یا کەسەکاندا هەڵ نەدات.

پایەی شەشەمی دیموکراسی، ڕێگە دان بە ئازادی هەموو ئەندامێکە کە بیەوێت لە هەرەمی دەسەڵاتدا بەشداربێت بە بێ جیاوازی رەگەز، ئاین ، بیروباوەڕ ، ئازادی ڕێگەدان بەهەر ئەندامێك کە بیەوێت لە سەرەتاوە کار بکات، تا لە ئایندەدا پلەو پایە لە هەرەمی دەسەڵاتدا وەربگرێت چ بە

ڕێگە دانی حزبی یان هەڵبژاردن و دەنگ دان، ئەو هۆکارانەی کە ڕێگە نادات تاك لە دەسەڵاتدا بەشداری بکات، بیانوی ڕاست و بە جیٚ بن و بۆ هەموو کەسێك وەك یەك بن پەیوەندی بە جیاوازی ڕەگەز ،ئاین، حزب، پێکهاتەی مرۆڤ وەك (ڕەش و سپی پێستەوە) نەبێت.
دوا بنەمای سەرەتایی دیموکراسی ئازادی پاراستنی ئاسایش و ڕێگەکانی تری پاراستنی خەڵکە وەك یەك، تاك و کۆ ئازادن لە هەر کویٚ یەك بژین، ڕوو لە هەر سوچێکی وڵات بکەن، خۆشگوزەرانی ژیان لە هەموو شار و جێگەیەك وەك یەك بۆ تاك و کۆ فەراهەم بکرێت بەبیٚ جیاوازی تیرە و کەمایەتی، ڕێزی خەڵك بە گشتی بگیریٚ، خەڵك لە بڕیارەکانی سیاسی لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە وەك یەك دەنگ بدەن، ئەم بنەمانەیانە تا ڕادەیەك ئاوێنەیەکی بەراوردی رژێمە فەرمانڕەواکانن ،هەر رژێمێك ئەم بنەما سەرەتایانەی پیادە کرد، کاری بۆ چەسپاندنیان کرد، دەتوانریٚ بوترێت رژیمێکی دیموکراسی یە یان کار بۆ دیموکراسیەت دەکات .

## سیماو جۆرەکانی سیستەمی دیموکراسی :

لێکۆڵەر و شارەزایانی بورای سیاسی و دیموکراسی بە ووردبوونەوە لە جۆرەکانی سیستەمی دیموکراسی و پیادە کردنی لە وولاّتاندا ، کە هەر وولاّتە سیماو جۆرێکی تایبەتی سیستەمی دیموکراسی لە مێژودا پەیڕەوکردووە ، دەتوانرێت چەند سیماو جۆرێکی جیا جیا لە سیستەمی فەرمانڕەوایی دیموکراسی لە مێژوودا پەیڕەوکراوە یان دەتوانرێت پەیڕەو بکرێت ، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین چەند جۆرێکی سیستەمی دیموکراسی لە مێژوودا پۆڵێن بکەین ..

١. **دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ :**

ئەم جۆرە شێوازەی دیموکراسی لە ئێستادا بە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی وولاّتان و ڕێگرەکانی پیادەکردنیەوە زۆر بە دەگمەن پیادە دەکرێت لەم شێوازەی دیموکراسیدا تەواوی گەل بە ڕەهایی و ڕاستەوخۆ بە شداری داڕشتنی یاسا و بڕیارەکانی وولاّت دەکەن ، بەو شێوەی کە تەواوی گەل ، یان ئەو کەسانەی کە پەیوەستن بە جێبەجێ کردنی ئەو ڕێنمایی و ڕێسایانەوە لە شوێنێکی گشتی دا کۆدەبنەوە و شیتەڵ و تەتەڵەی و ئەو پرۆژەکە دەکەن و بڕیاری پێویستی لە بارەوە دەدەن، بەمە هەموویان بەشدارن لە کۆنووسی بڕیارەکەدا ئەم شێوازەی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە کۆندا لە وولاّتی یۆنان و چەند ناوچەیەکی وولاّتی سویسرادا پیادە کراوە ، بەڵام لە ئێستادا پیادە کردنی ئاسان نییە جگە لەو سیستەمە فەرمانڕەوایانەی کە لە ڕووبەرێکی زۆر کەمی دانیشتواندان .

٢. **دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی یان پەرلەمانی :**

لەم جۆرە شێوازەی دیموکراسیدا تەواوی بڕیار و نەخشە سیاسیەکانی وولاّت دەخرێتە ئەستۆی نوێنەرایەتی گەلەوە ، نوێنەرەکان نەك ڕاستەوخۆ بەڵکو لە ڕێگەی نوێنەرایەتی گەلەوە هەڵدەبژێردرێن ، ئەو نوێنەرانە نوێنەری هەموو میللەتن ، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین هەموو میللەت لە ڕێگەی دەنگدان بە نوێنەرەکانیانەوە بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ بەشداری لە کێشانی نەخشەی سیاسی وولاّت دەکەن و بە مەرامە سیاسی و تایبەتیەکانی خۆیان دەگەن ئەم شێوازەی دیموکراتی ئێستا لە زۆربەی وولاّتاندا بەرقەرارە ، زۆربەی وولاّتان پەرلەمانیان هەیە بەڵام شێوازی هەڵبژاردن و دانانی پەرلەمانتاران بە پێی وولاّت و لیست و شوێنەکان گۆڕانیان بە سەردا دێت .

٣. **دیموکراسی لیبڕاڵ :**

ئەم جۆرە شێوازەی دیموکراسی ، ئەو جۆرە پێك هێنانەی حکومەتە ، کە مرۆڤەکان لە ئازادی ڕەهادان هەموو یاساو ڕێساکان لە چوارچێوەی یاسایەکدا ڕێك دەخرێت ، کە تەواوی گەل بە ئازادی تیایدا بەشدارن ، لە ژێر سایەی ئەم سیستەمەدا ئازادی لە هەموو بوراەکاندا بە ڕەها دەبینرێت ، ئازادی لە ماف مەدەنی و تاکە کەسیدا ڕەهایە ، یاسای گشتی وولاّت تا سنورێك

ڕەهایە ك كارنەكاتە سەر ماف تاكە كەس و مرۆڤ ئازادە بە ڕەهایی ، ئەم شێوازەی دیموكراسی مل بۆ هیچ ئایدۆلۆژیاو چوارچێوەیەك نادات كە تەگەرە بخاتە بەردەم ئازادی تاك و كۆمەڵ .

ئەم شێوازەی دیموكراسی بۆ یەكەمین جار لە سەدەی هەژدەهەمدا سەری هەڵداوە دەرئەنجامی چەوسانەوە و پێشێل كردنی مافەكانی تاك لە حوكمڕانی پاشایەتیدا ، ئەم شێوازەی دیموكراسی لە ئێستادا دەگمەنە ، هەرچەندە سیستەمی فەرمانڕەوا هەیە ، ئازادی تاك تیایدا بالاْ دەستە ، بەلاْم هەموو شێوازەكانی سیستەمی دیموكراسی سنووری بەرفراوانی هەیە ، بۆ ئازادی ئایدۆلۆژیا و ئاین و هەموو بیر و باوەڕێك .

**دیموكراسی سۆشیالیستی :**

تێكەڵەی سیستەمی (سۆشیالیستی.دیموكراتی) پێكهاتەی سیستەمی سیاسی و كۆمەلاْیەتی یاخود ئابووری و كۆمەلاْیەتی یە ، پێچەوانەی دیموكراسیەتی لیبراڵ سیستەم جەخت لە دادپەروەری ئابوری دەكاتەوە هەتا پێش ڕەچاوی ڕەهایی ئازادی زۆربەی كەرتەكانی وولاْتەكە گشتین لە لایەن چینە بالاْكانی دەسەلاْتەوە سەرپەرشتی دەكرێن .

پێش شەڕی جیهانی یەكەم ئەم جۆرە سیستەمە لە ڕوسیادا هەبوون دوای جەنگی جیهانی دووەم وولاْتە ئەوروپیە شیوعیەكان و چین و ڤێتنامی سەروی گرتەوە ، بەلاْم دوای هەرەس هێنانی یەكێتی سۆڤێت لە كۆتایی ساڵەكانی هەشتاكان و پەڕاگەندە و هەڵوەشانی زۆربەی سیستەمە سۆشیالیستەكان زۆربەی سیستەمەكان هەڵوەشانەوە ئەو یەك دوو وولاْتەی كە سۆشیالیستین و ماون تەنها وولاْتی چین لە ڕووی ئابوریەوە بەهێزە و سیستەمەكەی گرفتی ئابوری ئەوتۆی نیە .

**٤. دیموكراسی پلورالیستی :**

ئەم جۆرە سیستەمەی دیموكراسی داشكانەوەیەكی تازەیە بە لای دیموكراسیەتی لیبڕاڵدا كە ئامانج لەم سیستەمەدا دابەشبوونی هێزی مەركەزی یە بۆ نامەركەزی بەرەنگاربوونەوەی مەركەزییە بۆ یەك ئایدۆلۆژیای تایبەت كە هەڕەمی پێك هاتەی سیستەمی دەسەلاْت نەبێت بە پێچەوانەی سیستەمەكانی ترەوە ئەم سیستەمە خوازیاری یەك سیستەمی فەرمانرەوایی مەركەزیبە لە هەڕەمی دەسەلاْتدا بەلاْم بەبونی لامەركەزیەت بۆ خوارەوە بونی چەند ئایدۆلۆژیایەكی جۆراو جۆرو جیاواز .

**ديموكراسی بەشداری:**

ئـەم جـۆرە ديموكراسـيە، تێكەڵـەی سيسـتـەمێكی فەرمانڕەوايـە كەلـە ديموكراسـيـەتی ڕاستەوخۆو نوێنـەرانی گـەل پێك دێت ، لايـەنگرانی ئـەم سيستـەمە لايـەنگری بەشـداری زۆربـەی خەڵكين لە بڕيارە سياسی و ئابوريەكاندا، ئەم جۆرە سيستەمە تێڕوانينيان وايە هەتا زۆرتر گەل بەشداری لەبڕيارە سياسی و ئابوريەكاندا بكات ئەوا كۆڵەكەكانی سيستەمی فەرمانڕەوا پتەوترو قايمتر هەڕەمی دەسەڵات پێك دەهێنن بۆيە دەيانەوێت تەواوی گەل بەشداری پێك هاتەی هەڕەمی دەسەڵات بكەن نەك تەنها كاتی هەڵبژاردن بەڵكو هەمو ئەو كاتانەی كەپێويستە گەل بەشداری كاريگەری لەبڕيارو داڕشتنەوەی هەڕەمەكانی بەڕێوەبردندا هەبێت .

**ديموكراسی فرەحزبی :**

ئـەم جـۆرە سيسـتـەمە، سيسـتـەمێكی بـاوە لـە ئێسـتادا لـە زۆربـەی وڵاتـانی ئـەوروپاو وڵاتـە ديموكراسيەكاندا پەيڕەو دەكرێ بەوەی هەڕەمی دەسەڵات تێكەڵەی ئايدۆلۆژيای چەند حزبێكە گـەورەبن يـان بچـوك، هـەموو حزبـەكان ڕەنگدانـەوەيان لەبەرنامـەكانی هـەڕەمی دەسـەڵاتدا هەيـە، ياخود حزبی جۆراو جۆر بەشداری داڕشتنی نەخشەی سياسی ، ئابووری ، كۆمەڵايەتی دەكەن ، ڕۆشنبيری هەڕەمی دەسەڵات تێكەڵەی ئايدۆلۆژيا جياوازەكانە لە پراكتيكيدا هەر ئايدۆلۆژيای حزبـە لەڕێگـەی نوێنەرەكانيانـەوە ڕای حزبەكـەی لـە نەخشـەی سياسـی و ئـابوری سيسـتـەمەكەدا جێكردۆتەوە .

ڕەنگە جۆری تر سيستەمی ديموكراسی هەبن بەڵام بەلای يەكێك لەم جۆرە سيستەمانەدا دەشكێنەوە جياوازی ئەوتۆی لەنێوانيانيدا نيە .

# دیموكراتی تۆتالیتاریزمی[1]

تۆتالیتــاریزم (Totalitaro)، دیمــوكراتی دوو وشــەی تــەواو ڕەهەنــد جیــاواز و، دوو سیستەمی پێچەوانەی یەكترن هەرگیز ناتوانن بەیەكەوە هەڵ بكەن، هەر ڕژێمێك لەسەر بنەمای پایەكانی تۆتالیتاری هاتبێتە سەر حوكم، ناتوانرێ ببێتە دیموكراتی یان لە ماوەی دەسەڵاتی حوكمیدا بنەماكانی دیموكراسی پیادەبكات . جگە لە دیموكراسیەتێكی شكلی بێ ناوەڕۆك لەسەدەی هەژدەیەمدا كاتێك كە پێشینەی دیموكراسی لە جۆری لیبڕاڵ سەری دەرهێنا جۆرێك لە سیستەمی فەرمانڕەوایی تر لە بەرامبەردا خۆیان دەنواند، كە دەتوانین بە ڕژێمی تۆتالیتار ناویان بەرین، ئەم دوو جۆرە سیستەمە كاتێك لە یەكتر جیابوونەوە كە شۆڕشی گەورەی فەرەنسا سەری هەڵدا لە ڕاستیدا مەبەست لە دیموكراتی تۆتالیتار ئەو سیستەم و ڕژێمانە دەگرێتەوە كە لە سەرەتاوە سیمای دیموكراتی یان بەیت و باڵۆرەی دیموكراتیان لێداوە تاڕادەیەك بە دیموكراتی لە دایك بوون، یان لەسەر بنەمای ڕەشە كوژی و بنەماكانی تۆتالیتاریەتی نەهاتونەتە سەر حوكم بەڵكو لە ئەنجامی درێژە پێدانی دەسەڵاتدا تووشی قەیران هاتوون قەیرانەكانیان بە ئاشتی چارەسەر نەكردوە، بەرپەرچدانەوەی میللەتەكەیان بە زەبروزەنگ و كوشتن داوەتەوە تا خراونەتە لێواری سیستەمی دیكتاتۆری لە ئەنجامی بەردەوامی كوشتار و زەبروزەنگدا بەتەواوی سیمای تۆتالیتاریان پۆشیوە یان بەردەوامی ڕژێمەكەیان تێكەڵەی هەردوو بنەمای دیموكراتی و دیكتاتۆری بووە نەتەواو بەلای دیموكراتی و نەتەواو بەلای دیكتاتۆریدا شكاونەتەوە، لەكارەكانیاندا سیمای تێكەڵەی هەر دوو جۆرە سیستەمەكەیان پۆشیوە بەڵام چارەنووس و دواڕۆژی ئەم جۆرە ڕژێمانە هەر تۆتالیتاریەتە چونكە خزان بەلای دیكتاتۆریەت و ڕەشەكوژی و زەبروزەنگدا زۆر ئاستەمە بارەكە ڕاست بكرێتەوە، ڕژێمەكە خەسڵەتی دیموكراتی لەدەست دەدا، ڕەنگە ماوەیەكی زۆر ڕژێمە فەرمانڕەواكە لەگەڵ سەر دەرهێنانی دیكتاتۆریەتدا جاروبار پیادەی كاتی خەسڵەتێكی دیموكراتی بكا بۆ شاردنەوەی كەم و كورتیەكانی وەك هەڵبژاردنێكی سیما دیموكراتی، بەڵام لە ناوەڕۆكدا فێڵ و تەڵەكەبازی كە خۆی هەڵبژاردن لە هاتنە سەر حوكمدا بەردی بناغەی ڕژێمە دیموكراسیەكانە، وەك نەتەوەیەك دەتوانین ئاماژە بەدەسەڵاتی ناپلیۆن پۆناپارت بكەین كە لە سەرەتاوە وەك نوێنەری خەڵكی خۆی نیشان داو هەوڵ و كۆششی زۆری دا تا بەلوتكەی دەسەڵات گەیشت كە گەیشتە دەسەڵات هەموو خەسڵەت و بنەماكانی دیكتاتۆری پیادەكردو خۆی كەسی یەكەم بوو لە هەموو بڕیار و نەخشەكاندا تا گەیشتە جاڕدانی ئیمپڕاتۆر بوە كەسی یەكەمی بڕیاردەر و نەخشەكێشی ئیمپراتۆرەكەی، هیتلەریش كە یەكێكە لە گەورە دیكتاتۆرو پیاوكوژەكانی جیهان لەسەرەتاوە بەڕاكێشانی سۆزی گەلەكەی و لە پێناوی سەر

[1] سوود لە سایتی (باشگاه اندیشه) نوسینێكی صالح، أسكندری وەرگێراوە .

بڵندی گەلی ئەڵمانیا دەستی بەکار کرد تا سەرەئەنجام بە تیاچوونی خۆی و لەت بوونی ئەڵمانیا گیرسایەوە تا ئێستاش گەلی ئەڵمانیا باجی هەڵە و کارە دزێوەکانی هیتلەر دەدەنەوە لە بنەڕەتدا دیموکراتی و سیستەمی دیموکراتی هەر چەندە لە ڕووی تیۆروانین و ڕخسارەوە زۆر ساکار و جوان دێتە بەرچاو بەڵام لە پراکتیك و پیادەکردندا چەسپاندنی قورسە بە تایبەتی لەو ولاتانەی هێشتا زەمینەی دیموکراتی تیایدا سەری هەڵنەداوە، ڕێگرییەکانی بەردەم چەسپاندنی دیموکراتی زۆرن و پێویستیان بە پەلەپەل و پێش ڕەخساندنی زەمینەی لەباری دیموکراسی، سیستەمی دیموکراسییان تیا لە دایك بێ سیستەمێکی بێ خەوش و کەم و کوڕی نابێ ڕەنگە لە ئایندەدا بەلای دیکتاتۆریدا بشکێتەوە، وەك زۆر لە سیستەمە دیموکراتییەکانی ولاتانی ڕۆژهەلات تووشی ئەم گرفتە بونە لەسەرەتاوە بەسیما و خەسڵەتی دیموکراسی لە دایك بوون، بەڵام نەیانتوانیوە سیماو خەسڵەتەکانی دیموکراسی بپارێزن و پیادەی بکەن دەرەنجام ملیان داوە بۆ زەبروزەنگ و بەرگری لەمانەوەی سیستەمەکەیان و مل دان بۆ دیکتاتۆری دەکەن .

لەڕوانگەی سەردەمەوە ئەمڕۆ دیموکراتی لە هەندێ ولاتدا گەیشتۆتە لوتکە و زۆربەی سیستەمەکانی دنیا لەسەر بنەمای دیموکراتی هاتونەتە ئاراوە، هەندێکیان دەتوانن بەلای دیموکراتیدا بشکێتەوە پەرە بە سیستەمەکەیان بدەن بە پێچەوانەوە هەندێکی تریان بەلای دیکتاتۆریدا دەشکێتەوە، بەشێکی ڕژێمەکانیش تێکەڵەن لە نێوان هەر دوو سیستەمەکەدا نەتەواو دیموکراسی و نەتەواو دیکتاتۆرین .

ڕژێمیش ماوە کە بەتەواو دیکتاتۆرین پرنسیپەکانی دیکتاتۆری پیادە دەکەن بەڵام ئایندەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان هەر ڕووخان و تیاچونە، دوای ڕوخانی هەر ڕژێمێکی دیکتاتۆری زەمینەی سەرهەڵدانی دیموکراسی دێتە ئاراوە .

# سیستەمی دیکتاتۆریەت [*]

سیستمێکی فەرمانڕەوایی سیاسی خۆسەپێنراوە بەسەرهەڕەمی دەسەڵات وحوکمدا، دەسەڵات دەکەوێتە دەست تاکە کەسێکی دەست ڕۆیشتوی بێ ویژدان، کە بە پێی ویست و مەرامەکانی ولەپێناوی درێژەدان بەکورسی فەرمانڕەوایی سیاسەتی بەرنامەی کارکردنی دادەڕێژێ .

یاخود کۆمەڵە کەسانێکی دیکتاتۆرە، کە یەکێکیان دەبێتە داینەمۆی هەڵسوڕانی کاروباری وڵات ئەوانی تر بەدەوریدا ئاپۆرە دەبەستن و بێ گوێدانە بەرژەوەندی وڵات و گەل بەرژەوەندی خۆیان درێژە پێدەدەن بە جۆرێك زۆربەی دەزگاكانیان كە فاكتەری سەرەكی درێژە پێدانی سیستەمەکەیانە دەکەنە قیبلەی پیرۆزی مەبەستەکانیان و بۆ ئەو بەرنامەیە کۆشش دەکەن، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندە بە ئائاقارێکدا دەبەن کە دەبێت هەمیشە ستایشی هەڕەمی دەسەڵات و کەسە دیکتاتۆرەکانی بکات، چاو لەکەم و کوڕییەکان بپۆشێ و بە شان و باڵی ئەو کەسانەدا هەڵبدات کە لە بەرژەوەندی درێژە پێدانی فەرمانڕەوایانە، کەواتە سیستەمی دیکتاتۆریەت شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکم گرتنە دەست لەگەڵ بەرقەرارکردنی زەبروزەنگ دێتە ئاراوە، ڕەنگدانەوەی قەیرانی سیستەمی کۆمەڵایەتییە زەمینەش خۆشدەکات بۆ سەر هەڵدانی قەیرانی شەرعی[1] جۆرەکانی سیستەمی فەرمانڕوایی چون یەك نین، هیچ جۆرە سیستەمێکی فەرمانڕەوایی لە جیهاندا نەبینراوە ١٠٠٪ بەبێ هاتنە ئارای تەنگ و چەڵەمەی کێشەی سیاسی ئابوری، نەتەوەیی ..... بتوانێت سیستەمی فەرمانڕەوایی بباتەڕێوەو لە مێژوی جڵەوگرتنی حوکمی فەرمانڕەواکەیدا کێشە و گیروگرفت بەرۆکی نەگرتبێت، زۆربەی دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان دەرەنجامی سەرهەڵدانی کێشە و نانەوەی کێشەکان و یەکالانەکردنەوەیان، ناچار دەبن بە ڕەچاوکردنی زەبروزەنگ بەرپەرچی ئەو کێشانە بدەنەوە کە هەوێنی مەینیان لە دەست چووە، لەگەڵ درێژە پێدانی بەرپەرچدانەوەی زەقی کێشەکاندا مل دەدەن بۆ سیستەمی دیکتاتۆریەت درێژە کێشانی سیستەمی دیکتاتۆرەکانیش بە ئاگر و ئاسن و کوشتن و بڕین، پەت و سێدارە، پڕوپاگەندەی ڕەش ....، هەوێنی سەرهەڵدانی قەیرانی مەترسیدار دێنێتە ئاراوە، قەیرانەکان قوڵ و بێ چارەسەرن زەبروزەنگ و کارە دزێوەکانی فەرمانڕەوایانیش یەکالایان ناکاتەوە دەبنە هۆی قڵیشانەوەی شیرازی سیستەمە فەرمانڕەوایی و نوغرۆبوونی دەسەڵات و هەڵتەکاندنی ڕژێمەکە لە ڕەگ و ڕیشەوە تازەمینەی ڕەخساندنی لە دایك بوونی ڕژێمێکی نوێ دێننە ئاراوە، چارەنووسی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان چۆن یەك نین، چۆنێتی حوکم، کاریگەری زەبروزەنگ لەسەر میللەت و قوڵ بوونەوەی قەیرانەکان، کە پەیوەندی دەزگاکان و هەڕەمی دەسەڵات ....، ...

(*) لە گۆڤاری ئاران ژمارە (٩) ساڵی ١٩٩٩ دا بڵاوکراوەتەوە .

(1) ١، ٣ بڕوانە گۆڤاری پەیامی وەرگێڕ ژمارە (١)، (٢) ١٩٩٢ .

دەوری كاریگەر لە مانەوەو تیاچوونی ڕژێمەكەدا دەبینن، هەیانە ماوەیەكی درێژخایەن بە زەبروزەنگ بەرپەرچی قەیرانەكان دەداتەوەو درێژە بە فەرمانڕەواییەكەی دەدات هەشیانە بەرگری بەرپەرچدانەوەی قەیرانەكانی نیە و لەبەرامبەر خواستی جەماوەردا نوشت دێنێ .

بەلاّم چارەنووسی هەموو ڕژێمە دیكتاتۆرەكان هەر نەمانی دەسەلاّتە، چ درنگ بێ یا زوو چونكە ئەو ڕژێمانەی كە بەشێوازی دیموكراسی نەهاتونەتە سەر كورسی، فەرمانڕەوایی و لە دەسەلاّت گرتنە دەستدا دەزگاكانیان لەسەر بنەمای دیكتاتۆرییەت ڕادەهێنن .

زۆر مەحاڵە سیستەمی فەرمانڕەواییان بگۆڕن بۆ سیستەمێكی شەرعی و گوێ لە خواست و بەرژەوەندی میللەت بگرن و بەپێ ی بەرژەوەندی وڵات درێژە بە حوكم بدەن .

دیكتاتۆری و دیموكراسی دوو شێوازی حوكم گرتنە دەسی لە یەكدی جیاوازن پێكەوە هەڵناكەن، ناكرێ سیستەمێكی حوكمی دیموكراسی لە هەمان كاتدا دیكتاتۆریش بێت چونكە ڕژێمە دیموكراسییەكان زۆرتر لەسەر بنەمای دەنگ دان و ڕێزگرتنی ڕای زۆرینە و مل دان بۆ خواست و ویستەكانی گەل هاتۆتە ئاراوە كە ئەمە خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی سیستەمە دیكتاتۆرییەكانە كە بە زەبری تۆقاندن و زەبر و زەنگ سیستەمی ئیدارەی وڵات دەبەنە ڕێوە .

هەر ڕژێمێكی دیموكراسی كە جڵەوی دەسەلاّتی گرتە دەست بنەماكانی دیموكراسی پیادە نەكاو مل بۆ خواستەكانی گەل نەنێ و بە تەنگ چارەسەری یەك بەیەكی قەیرانەكانەوە نەچێت ئەوا ڕوخساری سیستەمی هەڵبژێردراوی دیموكراسی لەدەست دەدات دەچێتە خانەی جڵەو شۆڕكردن بۆ شێوازی سەركوتكەرانەی دیكتاتۆری .

ڕەنگە شێوازی دەسەلاّت هەبێ لە جیهاندا كە لەسەر دیموكراسی هاتبنە سەر حوكم و ژمارەی ئەو كەسانەی كە لایەنگیری دەسەلاّتدارانە زۆرتر لە نەیارەكانی كە ئەمە تا ڕادەیەك ناسنامەی ناسینی ڕژێمە شەرعییەكانە[٢]، بەلاّم لە درێژە پێدانی حوكم گرتنە دەست و سەر هەڵدانی قەیرانە ئابوری و سیاسی و كۆمەلاّیەتییەكاندا چارەسەری بنەڕەتی یەكلابونەوەی كێشەكانیان نییە، یان دەبێت دەست لە كاروبارەكانیان هەڵگرن و چارەنووسی ڕژێمەكەیان كۆتایی پێ بێنن یان دەبێت لە پێناوی هێوركردنەوەی قەیرانەكاندا زەبروزەنگ و تۆقین بەكاربهێنن كە ئەمە سەرەتای خلۆربونەوەی ڕژێمە شەرعیەكانە بۆ شێوازی دیكتاتۆری و سەركوتكردن، ئەوسا ئەو ڕژێمە بەناو دیموكراتییە ڕوخساری دیموكراتی دەپۆشێ كەواتە پێكەوە هەڵكردنی دیكتاتۆری و دیموكراسی لە ڕژێمێكی فەرمانڕەوادا شتێكی مەحاڵە .

ڕەنگە بەپێ ی پێوانەیی شەرعیەتی ڕژێمەكان هەندێ سیستەمی فەرمانڕەوا هەبن نەتەواو دیكتاتۆری نەتەواو شەرعی و دیموكراتی بن، ماوەیەك بتوانێت لە نێوان ئەم دوو سیستەمە بمێنێتەوە، بەلاّم سەرەنجام بەپێ ی بوونی گرفت و قەیرانەكان كە دێنە ئاراوە بەلایەكیاندا

---

(٢) ٣، بروانە گۆڤاری ئاران ژمارە ٧ ساڵی ١٩٩٨ .

دەشكێتەوە تا درێژە بە جڵەوی دەسەڵات بدات كە زۆرتر شكانەوەكە بەلای دیكتاتۆریەدا دەبێت لە كاتێكدا كە لە چارەسەری قەیران و دامركانەوەی خواستی نەیار و بەرهەڵستكارانیدا ڕوودەكاتە پیادەكردنی زەبرو زەنگ .

ئەگەر ڕژێمە شەرعیەكانی بەتازە تووشی قەیران هاتوون داوای بەرهەڵستكاران لە كێشەكان دا جێ بەجێ بكەن و قەیرانەكانیان شایانی چارەسەربوون، توانرا لەیەكالابوونەوەی كێشەكاندا ڕەچاوی بەرژەوەندی گەل بكرێت و داوای بەرهەڵستكاران لە كێشەكان دا جێ بەجێ بكرێت ئەوا دەتوانن تا ڕادەیەك شەرعیەتی دەسەڵات بگێرنەوە بەمەرجێك قەیرانەكان بە قووڵی سەرهەڵنەدەنەوە چارەسەرەكان هەمیشەیی بن، بەڵام ئەگەر لە گەرمەی سەرهەڵدانی قەیرانەكاندا زەبرو زەنگ پیادەبكەن و كیشەكان بە ترس و تۆقێن كپ بكەنەوە نەك چارەسەری بنەڕەتی، ئەوا شەرعیەتی دەسەڵاتی ئاسایی مەحاڵە و لەگەڵ درێژە پێدانی ماوەی فەرمانڕەوایدا بەرهەڵستكاران زیاد دەكەن ڕژێمەكە لە پێناو پاراستنی هەڕەمی دەسەڵاتدا هەنگاو بەرەو دیكتاتۆریەت دەنێت كە دیكتاتۆر كە سێ یەكەمی هەرەمی دەسەڵاتەوە دەزگاكان بە شان و باڵی خۆیان و ڕژێمەكەیدا هەڵدەدەن .

قەیرانەكانیش جیاواز و چون یەك نین، بەپێ ی جۆری قەیرانەكان و قوڵیان كاریگەرییان لەسەر سیستەمی دەسەڵات دەبێت، قەیران هەیە كاتیەو مەرج نییە چارەسەر نەكردنیان و قوڵبونەوەیان مەترسی پیادەكردنی زەبروزەنگیان لێ بكرێ بەجۆرێك ببێتە مایەی گۆڕینی شێوازی ڕژێمە شەرعییەكان یاخود بەرپەرچ و زەبرو زەنگی كپ كردنەوەیان هێندە خوێناوی درێژخایەن نییە، كە ڕژێمەكە بە ئاقاری دیكتاتۆریەتدا بیەن، قەیرانیش سەر هەڵدەدەن بە تایبەتی قەیرانە ئابورییەكان كە خۆپیشاندانی جەماوەری گەورەی لە پشتەو بە ئاسانی كپ نابنەوە یان دەبێت ڕژێمەكە دەسبەرداری خواستی خۆپیشاندەران بێت یان دەبێت بۆ كپ كردنەوەیان شێوازی جینۆساید و بە كۆمەڵ كوشتن بەكاربهێنێت كە بەكارهێنانی ئەم دیاردانە مەترسیە بۆ شەرعیەتی ڕژێمە فەرمانڕەواكە و پۆشینی ڕوخساری دیكتاتۆریەت و لە ناوەڕۆكدا جێبەجێكردنی بنەماكانی دیكتاتۆریەت تا ڕژێمەكە شەرعیەتی دەسەڵات لە دەست دەدات دەبێتە ڕژێمێكی دیكتاتۆری سەرسەخت كە ئیتر گەڕانەوەی بۆ ڕژێمێكی سەرعی دیموكراتی مەحاڵە تا ئەو ڕۆژەی هەرەس دێنێت .

**سەرهەڵدانی دیكتاتۆریەت :**

بونی شەرعیەتی فەرمانڕەواكان و سیستەمەكەیان هۆیەكی سەرەكی و بنەڕەتی مانەوەو لەبەریەك هەڵوەشانی سیستەمە فەرمانڕەواكانە، هەر ڕژێمێك ئەگەر بەشەرعی هاتبێتە سەر حوكم و ژمارەی ئەو كەسانەی كە گوێ ڕایەڵی فەرمانەكانی فەرمانڕەوایان دەبن و جێبەجێیان دەكەن و گەورەترین ڕێژەیان لە پلە و پایەی دەوڵەتدا هەیە زۆرتربن لە ژمارەی ئەو كەسانەی كە دژی

دەوڵەتن ئەوا بە ڕژێمێکی شەرعی دادەنرێت و دەتوانێت پەرە بە سیستەمی حوکم بدات بەڵام ئەو ڕژێمە فەرمانڕەوایانەی کە بەزۆرە ملیٚ جڵەوی حوکمییان گرتۆتە دەست و بەزەبر و زەنگ خەڵکەکە دەترسێنن ژمارەی کەسانی ئۆپۆزسیۆن لە ژمارەی کەسانی ملکەچ بۆ یاسای ڕژێمەکە زۆرترن، ئەوا بە ڕژێمێکی ناشەرعی دادەنرێت لێرەوە دەردەکەویٚ قەیرانی شەرعیەتی حوکم دەورێکی سەرەکی هەیە و هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتە .

**دروشم و بەیت و بالۆرەی سیستەمە دیکتاتۆرەکان :**

هەموو سیستەمە دیکتاتۆرەکان کۆمەڵێك دروشم و بەیت و بالۆرە لێدەدەن کە گوایە لە پێناوی ئەو دروشمانەدا کۆشش دەکەن، هەندێك جار هەمیشە لە دروشمەکاندا هاوبەشن و دروشمەکان بۆ داپۆشینی کەلێنەکانی سیستەمە فەرمانڕەواکەیانە، لە جەوروستەم دروشمەکانیان هەر ڕوخسارێکی کاڵ و کرچە لە ناوەڕۆکدا هەر پاساودانەوەو خۆدزینەوەیە لە حوکمی داسەپێنراو بەسەر میللەتدا و تەنها بۆ حەشاردانی دیاردە دزێوەکانیانە .

هەندێك جار دروشمەکانیان بەپیٚ ی گۆڕانکاری و مەرجەکان دەگۆڕن، چونکە درێژەکێشانی هەر دروشمێك کە لە ناوەڕۆکدا بونی نییە، مایەی سەر ئێشەی زیاترە و گۆڕینی دروشمەکان تا ڕادەیەك پەردە بەسەر نهێنی پێشودا دادەپۆشیٚ، تا ئەو کاتەی کە نهێنی دروشمەکە تەواو ئاشکرا دەبێت پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن دەوری سەرەکی لە جاڕدانی دروشمەکانیان دەگێڕیٚ، هەندێك جار دروشمەکان ڕاستەوخۆ و لە کەسی یەکەمی دیکتاتۆرەوە دێتە دەر و بەگویٚ ی میلەتدا دەدریٚ و دەزگاکان بە شان و باڵیدا هەڵدەدەن، ڕەنگە هەندێك جار سیناریۆی دەست بەکارکردنیشیان لە هەندێك شوێندا بکریٚ وەك دروشمی پیادەکردنی دیموکراسی هەڵبژاردن و گۆڕینی زۆرینەی فەرمانڕەواکانە کە زۆر جار لە کوردستانی عێراقدا و لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا کاری بۆ کراوەو کەچی لە ناوەڕۆکدا هەر کاسەلێس و ئەڵقە لە گوێکانی ڕژێم بونەتەوە بە کاربەدەست و هەموو کاندیدەکانیانی هەڵبژاردن سیناریۆ بوونە، هەندێك جاریش دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشان و باڵی سیستەمی فەرمانڕەوادا هەڵدەدەن و لە خوارەوە دروشم و بەیت و بالۆرەی هەڵبەستراو دەدەنە پاڵ ئاغاکانیان ئەوانیش سەریان دەلەقێنن جاڕی شانازی دەدەن کە چۆن خۆیان ومیللەت هاوڕاز و هاوئازاری یەکن و لە یەکدی جیانابنەوە، لە ڕژێمە دیکتاتۆریە سەر سەختەکاندا چارەنووسی دەزگاکانی خوارەوەش هاوچارەنووسی ڕژێمە فەرمانڕەواکانن چونکە هێندە پەرۆشی مانەوەی سیستەمە فەرمانڕەوان و بەشان و باڵیدا هەڵدەدەن و بگرە هەندێك یان بەشێکیان ڕاستەوخۆ سەر بەکەسی یەکەمی دیکتاتۆرن لەوەو فەرمایشتەی داڕشتنی نەخشە و پلانەکان دادەڕێژن .

هەموو دروشم و بەیت و بالۆرەکان تەنها بۆ ساردانی دیاردە دزێوەکانی سیستەمەکان و لە بنەڕەتدا کار بۆ هێنانە دی خواستی دیکتاتۆریانەی فەرمانڕەوایان دەکەن، وەك : مستەفا کەمال

ئـەتاتۆرك لـە سـالآنی (١٩٢٣ – ١٩٣٨) بـەیت و بـالۆرەی هێنـانی شارسـتانیەتی تـورك و بەرقەراربوون و بەرجەستەكردنی مافەكانی تاك و كۆمەڵی لێدەدا .

مۆسۆلۆنی لە سالآنی (١٩٣٨ – ١٩٤٥) لە پاڵ حزبی نازیدا دروشمی ئیشتراكیەتدا لە شەڕی جیهانی یەكەمدا، ئەو كارەستانەی بەسەر وڵاتەكەی و جیهاندا هێنا، هیتلەر لەسالآنی (١٩٣٣-١٩٤٥ ) لە پاڵ مەرام و جڵەوی بەرفراوانی دەسەڵاتیدا دروشمی (دەبێت گەلی ئەڵمان پێشڕەوی جیهان بكا) كە ئەنجامەكەی لەت بوونی گەلی ئەڵمانیا و ئەو نەهامەتیانە بوو كە بەسەر گەلی ئەڵمانیا و وڵاتەكەیدا هێناو تا ئێستاش گەلی ئەڵمانیا باجی دەداتەوە، كەواتە دروشم و بەیت و بالۆرەی ڕژێمە فەرمانڕەوا دیكتاتۆرەكان پابەندن بە درێژە پێدانی، سیستەمە فەرمانڕەواكەوە لەگەڵ تیاچوونی سیستەمەكەدا كۆششی ڕابردوو كاركرد و بۆ كورسیەكەیان بەزەرەری میللەت و ڕژێمەكە دەگەڕێتەوە، دەردەكەوێ لە پێناوی پاراستنی دیكتاتۆردا بووە .

**جۆرەكانی سیستمی دیكتاتۆرەیەت :**

به شێوەیەكی گشتی ڕژێمە دیكتاتۆرەكان دەبن بە دوو جۆری سەرەكییەوە[٣] :

**١- دیكتاتۆریەتی ڕیفۆرمخواز :**

ئەم جۆرە سیستەمە دیكتاتۆریانە لە كاتێكدا سەر هەڵ دەدەن و دێنە ئاراوە كە ڕژێمی فەرمانڕەوا لەرزۆك و دەستەوسان بێت بەرامبەر ئەو قەیرانە ئابوری و كۆمەڵایەتییانەی سەرهەڵدەدەن . یان بە پێچەوانەوە دەرەنجامی لەرزۆكی ڕژێمی فەرمانڕەواو بەتەنگەوە نەچوونی كێشەكانی گەلەوە هاتبێت، كاتێك چینی فەرمانڕەوا هەست دەكەن كە توانای بە ئاسایی ڕاگوزەرانی دەسەڵاتیان نەماوە ئەگەر قەیرانەكان بەردەوامبن مەترسی تەقینەوەی گەورەو لەبارچوونی ئەزمونەكەیان لێدەكرێ و لەبەردەم خواستەكانی میللەتدا كە ڕەنگە گۆڕینی ڕژێمیشی لەگەڵدا بێت، یا كپ كردنەوەو بەتەنگەوە چوونی چارەسەرێكی كاتی كێشەكان كە مەرج نییە شالآوی كوشتن و بڕین و داپلۆسینی بەدوادا بێت، تا دام و دەزگاكانیان بپارێزن و درێژە بە بەردەوام بوونی سیستەمەكەیان بدەن، ناچارن بەجۆرە هەڵخەڵەتاندنێكی گەل و نواندنی چەند ڕیفۆرمێك دەدەن كە سیما و جۆری ئایدۆلۆژی خۆیان دەگۆڕن بێ ئەوەی لەڕاستیدا ماهیەتی ڕژێمەكەیان بگۆڕن، یان چەند ڕیفۆڕمێك دەگۆڕن كە كار لە هەڕەمی دەسەلآت و ناكا و هەوێنی نیشتنەوەی كەف و كوڵی دۆخە نا ئاساییەكەشە تا ڕادەیەك هەندێك جار هەندێ ڕیفۆرمی ڕاستەقینەش ئەنجام دەدەن ڕەنگە بەمانای هەڵوەشانەوەی چەند بڕیار و دەزگایەكی خوارەوەی خۆشیان بێت، بەلآم جێ بەكەسەكانی سەرەوەی فەرمانڕەوایی لەق ناكات نمونەش وڵاتە بەناو سۆشیالیستەكانی هەندێ ڕژێمی ئەم دوایەی ئاسیابون كە لە ناوەڕۆكدا وایان نیشاندەدا

---

[٣] گۆڤاری البلاد، دمشق / ١٩٩٦ .

ئیشتراکین، ڕیفۆڕمی وڵاتیان گۆڕیوە بە سیستەمێکی نوێ کە چی هەمان کەسانی پێشەوەی جڵەوی دەسەڵات لە سیستەمە نوێ یەکەشدا بوون کەواتە دیکتاتۆرە ڕیفۆرمخوازەکان تەنها دەیانەوێت لە شەرعیەتی فەرمانڕەوایی وڵاتدا چەند ئاڵ و گۆڕێکی دەرەکی بکەن و لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتدا وانیشانبدەن کە سیستەمی فەرمانڕەواییان گۆڕیوە بە سیستەمێکی نوێ .

**٢- دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕ :**

وشەی شۆڕشگێڕ لێرەدا بە واتای گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، شۆڕشگێڕو دیکتاتۆریەت پێکەوە ناگونجێن ئەگەر ڕژێمێك کەوتبێتە لێواری دیکتاتۆریەتەوە بە ئاسانی نابێتەوە بە شۆڕشگێڕ، واتە دیکتاتۆرە شۆڕشگێڕەکان لە بنەڕەتدا ڕژێمی شەرعی بوون، لەلایەن گەلەوە پەسەندکراون ژمارەی لایەنگیرانیان زۆرترن لە ژمارەی نەیارانیان بەڵام لە ماوەی درێژەپێدانی فەرمانڕەواییاندا زۆرتر قەیرانی ئابوری دا سەپێندراوی دەوروبەر یان ناوخۆیان بۆ دروست بووە بۆ لەرزۆکی و جێگیر نەبوونی سیستەمەکەیان، زۆر جار قەیرانەکان بە گەمارۆی ئابوری وڵاتانەوە بەستراوەتەوە کە نەیاری ڕژێمەکەن و دەیانەوێت سیستەمی فەرمانڕەوا بگۆڕن بەوەی دەردەسەری و گرفتی بۆ دەنێنەوە کە بۆ زاڵ بونیان ناچار بێت زەبرو زەنگ بەکاربهێنێت وەك هەندێ وڵاتی سەرمایەداری گەورە دژی هەندێك دەسەڵاتی سۆشیالیستی بەکاری دەهێنن، دیکتاتۆرە شۆڕشگێڕەکان بە تەواوی دەیانەوێت چەند ڕیفۆرمێك ئەنجام بدەن و سیستەمەکەیان بگۆڕن بەسیستەمی نوێ نەك پینەوپەڕۆکردنی سیستەمەکەیان کە دیکتاتۆرە ڕیفۆڕم خوازەکان دەیکەن .

ڕەنگە لە درێژە پێدانی دەسەلات و سەرهەڵدانی قەیرانەکاندا جۆرە ڕژێمێك هەبن هەر دوو شێوازی دیکتاتۆریەتیان بینیبێت و لەسەرەتا دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێر بووبن چارەسەری قەیرانەکانیان هەمیشەیی نەبێت و بەردەوام قەیران سەرهەڵبدات و زەبر و زەنگ بەکاربهێنن، واتە مەبەست لە بەرکاهێنانی ستەم چەسپاندنی ڕژێمێکی نوێ یە تا وەکو زۆربەی دانیشتوان مۆرکێکی شەرعی بە ڕژێمەکەیان بدەن بە ئاشکرا لاینگری ڕژێمە فەرمانڕەواکەیان بن، نمونەی دیکتاتۆرەکان کە شێواز و میتۆدەکانی مارکسیەتی بۆ چەسپاندنی ڕژێمەکەی بەکاردەهێناو میللەتەکەی ڕووبەڕووی دەسەلاتی زەبروزەنگ دەبوونەوە، وەك ستالین لە دوای لینین پەیڕەوی دیکتاتۆری شۆڕشگێڕی کرد و بە زەبری کوشتن و بڕین دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریانی بەسەر گەلی ڕوسیادا سەپاند، تەنانەت زۆربەی گەلی ڕوسیاش بەزۆر پشتگیری سەپاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریان کرد، نەیارەکانیان زۆربەیان لە دەست زوڵم و زۆری ستالین دەربازیان نەبوو ئەمەش ناوی ٢٣ ئەندامی سەرکردایەتی لیژنە مەرکەزی حزبی شیوعی سۆڤێتە کە بەدەست

دیکتاتۆریەتی ستالین و لەسەردەمی حوکمی دیکتاتۆریەتی بەناو شۆڕشگێڕی ستالینیندا بەر پاکسازی ستالین کەوتن(٤).

| ژ | ناوی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی | | چارەنوسیان لە پاکسازی ستالیندا |
|---|---|---|---|
| ١. | لێنین | Lenin | پێش پاکسازی ستالین مردوە |
| ٢. | کامینێڤ | kamenev | لە سێدارە دراوە |
| ٣. | ترۆتسکی | Trotski | بە پلانی ستالین کوژراوە |
| ٤. | زینۆیف | Zinover | لە سێدارە درا |
| ٥. | سپێردلۆڤ | Sverdlov | پێش پاکسازی ستالین مردوە |
| ٦. | ئۆگین | Wogin | پێش پاکسازی ستالین مردوە |
| ٧. | ڕیکۆف | Rikov | لە سێدارە دراوە |
| ٨. | بوخارین | Bmkharin | لە سێدارە دراوە |
| ٩. | بۆبنۆف | Bubnov | لە سێدارە دراوە |
| ١٠. | یۆریتسکی | Uritski | بەدەست تیرۆریستان کوژراوە |
| ١١. | میلۆتین | Milimtin | لە سێدارە دراوە |
| ١٢. | کۆلۆنتای | Kollontai | خۆی مردوە |
| ١٣. | سێرگیف (ئارتیم) | Sergeev | پێش پاکسازی ستالین مردوە |
| ١٤. | کیرستینسکی | Krestinski | لە سێدارە دراوە |
| ١٥. | درزێرژنسکی | Pzerzhinski | پێش پاکسازی مردوە |
| ١٦. | یوخە | Loffe | لەدەست ستالین خۆی کوشتوە |
| ١٧. | مۆرانۆف | Mmranov | پێش پاکسازی مردوە |
| ١٨. | سوکولینکۆف | Sokolnikov | لە سێدارە دراوە |
| ١٩. | سمیلگا | Smilga | لە سێدارە دراوە |
| ٢٠. | شائوقیان | Shaumian | بەدەست ئینگلیزەکان تیرباران کراوە |
| ٢١. | بەرزین | Berzim | لە سێدارە دراوە |
| ٢٢. | ستابسۆف | Stasov | زیندانی کراو دورخرایەوە |
| ٢٣. | لومۆف | Lomov | لە سێدارە دراوە |

ماهیەتی نمونەیەك لەدیکتاتۆرەکانی جیهان لەپێناوی کورسی دەسەڵات وهێنانە دی مەرام و خواستەکانیاندا لەکۆی ٢٣ کەس کەهەموویان لەسەردەمی پێشەوایاندا ئەندامی لیژنە مەرکەزی بوون لەسەردەمی ستالیندا نەبادا مانەوەیان ببێتەهۆی مەترسی بۆنەخشەوپیلانەکانی کەسی یەکەمی دیکتاتۆرهەموویان لەنەخشەوپیلانێکی پاکسازیدا نەمان و ستالین کە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەست بوو زەبرو زەنگێکی بەرپاکرد و نەیارەکانی نەیان توانی سەر دەربێنن، کە (٣٠) ساڵ درێژەی بە حوکمی دیکتاتۆریانە داو توانی بەسەر قەیران و ئاڵۆزیەکاندا زاڵ بێ و درێژە بە سیستەمی فەرمانڕەوایی بدا تا سەرەنجام ڕژێمە دیکتاتۆریەکەیش چارەنوسێکی ئاسایی نەبوو .

(٤) دوا ڕۆژەکانی دوو دیکتاتۆر / فارسی .

# تۆتـاليتـاريزم

## چەمك و پێناسە :

تۆتاليتـاريزم (Totalitaro) زاراوەيـەكی لاتينيـە بـە مانـای (ڕەهـا) تـەواو دێـت[١]، زەمينـە و بـەرگوێ كـەوتنی زاراوەكـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی شـەڕی جيهـانی دووەم و دەسـەلاٌتی مۆسـولونی فاشـيزمی ئيتاليـا، هاووێنـە ئينگليزيەكـەی تۆتاليتـاريزم سـاڵی ١٩٢٦ لـە كتێبـی ديكتاتۆری و ئيتاڵيا لە نووسينی ستۆرزۆ وەرگێڕانی پارتـەر دەركەوت[٢] مۆسۆلونی لە وتارێكدا بە خـەوبينيی خەيالـە بلاٌوەكـانی و نەهێشـتنی نـەيارە سياسـيەكانی هەميشـە باسـی لـە ڕەهـا و دەسـەلاٌتی ڕەهـای تۆتاليتـاريزم دەكـرد، لەگـەڵ دەسـت پـێ كردنـی جـەنگی دووەمـی جيهانـدا تۆتاليتـاريزم وەك دياردەيـەكی تـازە لەسـەر بنـەمايی دژايـەتی، ئـازادی، ديموكراسـی زيـاتر دەركەوت، هەموو جۆرە شنە بايەكی ديموكراتيەت لە سيستەمی تۆتاليتاريدا باوی نامێنێ .

ڕاسـتە تەشەنەسـەندنی ڕژێمـی تۆتاليتـاريزم لەگـەڵ مۆسـۆلۆنی و هيتلـەر و سـالاٌنی چلەكانی سەدەی بيستەم هاتۆتە ئاراوە، بەلاٌم ئەگەر ئاوڕ لە مێژوو بدەينـەوە دەبينين سـەرەتا و ڕەگـەكانی پيـادەكردنی تۆتاليتـاريزم لـە جيهانـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ قـولاٌيی مێـژوو لەشـێوەی ملكـەچ كردنـی زۆرينـە بـۆ كەمينـە و دەسـەلاٌت بـۆ تاكـە كـەس پيـادە كـراوە، لەبـەرە بـەيانی مێـژوودا، بـەلاٌم وەك زاراوەيەكی سياسی و ڕەهايی پيادەكردن دەگەڕێتەوە سەردەمی دەسەلاٌتی مۆسۆلۆنی و هيتلـەر، ئەگەر چی تا ئەمڕۆش زۆر لە ڕژێمە فەرمان ڕەواكانی جيهان ڕوخساری تۆتاليتاريان پێوە ديارە بەلاٌم بە شێوەی گشـتی لـە دوای هـەرەس هێنـانی بلـۆكی ڕۆژهـەلاٌت و شـەڕی سارد تۆتاليتـاری و سيسـتەمە تۆتاليتاريزمـەكان ڕوو لـە كـەم بـوون و نـەمانن، لـە نێـوان سـالاٌنی (٦١٠-١٧٦٨) لـە پاڕاگوايی دەوڵـەتی ئيزۆنـی هـەبووە، لـە ئـەورووپاش بـە درێـژايی مێـژوو دەوڵـەتی توتاليتـاريزمی ئايينی هەبووە[٣].

تۆتاليتـاريزمی سياسـی زيـاتر بـەڕژێم فـەرمان ڕەواكـانی ڕوسـيای سـتالينی، ئـەڵمانيايی نـازی، ئيتاليای فاشی دەناسرێتەوە ئەم ڕژێمانـەی تـەواو تۆتاليتاروديكتـاتۆربوون پيادەی خەسـڵەتی تۆتاليتاريان كردوە، لەزۆر لەخەسڵەتی پيادەكردنی تۆتاليتاريانـەی سيستەمەكانياندا هاوبەشـی بوون .

---

[١] ١،٢ تۆتاليتاليزم، وەرگێڕانی دلاوەر عەبدولاٌ ك، ن، ژ ٢٨١٣ لە ٢٠٠٢/٧/٢١

[٢] د. دلێر أحمد، تۆتاليتاليزم لە سيستەمی سياسيدا ك. ن.ژ ٣٩٨٥ لە ٢٠٠١/٦/٤ بەشی يەكەم

[٣] د. دلێر أحمد، تۆتاليتاليزم لە سيستەمی سياسيدا ك. ن.ژ ٣٩٨٥ لە ٢٠٠١/٦/٤ بەشی يەكەم

**خەسڵەتە گشتییەکانی سیستەمی تۆتالیتاری :**

بە شێوەیەکی گشتی سیستەمە تۆتالیتاریە سیاسییەکان لە چەند خەسڵەتێکی گشتیان هەیە ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی پێ دەناسرێتەوە، ڕەنگ تاك و تەرا ڕژێمی تۆتالیتار و دیکتاتۆری هەبن خەسڵەت و سیمای تایبەت بە خۆیان هەبێت بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سیستەمە تۆتالیتاریەکان لە چەند خەسڵەتێکی گشتیدا یەك دەگرنەوە کە بریتین لە :

بوونی ئایدۆلۆژیا : ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بە پێی پەیڕەوی بەرژەوەندی خۆیان ئایدۆلۆژیایەك دەکەنە پارسەنگی کارو مەرامەکانیان بەیت و بالۆرەی تەواو دوور لە واقیع بە ئایدۆلۆژیاو حیزبەکەیاندا هەڵ دەدەن مەرج نییە ئایدۆلۆژیایی هەموو سیستەمە تۆتالیتاریەکان چون یەك بن هەیانە بەیت و بالۆرەی سۆشیالیستی، هەیانە دیموکراسی، هەیانە نەتەوەیی نیشان دەدەن بەڵام لە ڕاستیدا بەیت و بالۆرەی پیا هەڵدراوی سیستەمە سیاسیەکان هەر ڕوکەشن بوونی هەر ئایدۆلۆژیایەکی دیموکراسی یان سۆشیالیستی ئەگەر لە لاپەری پەیڕەو پرۆگرامی حزبە فەرمان ڕەواکەشدا هەبێت لە پراکتیکدا بەشێوەیەك پیادەدەکرێ کە لە چوارچێوەی سنوری دیاری کراوی بەرژەوەندی هەڕەمی دەسەڵات و کەسی یەکەمی تۆتالیتار نەچێتە دەرەوە .

**کەسایەتی دیکتاتۆر :**

ئازادی کەسایەتی تاکە کەسی لە ڕژێمی دیکتاتۆر و تۆتالیتاریکاندا مانای نامێنێ، ڕژێمە تۆتالیتاریەکان هەوڵی دروستی کردنی مرۆڤی شێوە نوێ دەدەن کە خەسڵتێکی ئەبەدی هەبێت بونەوەرێکی لە وەفاو ملکەچ کردن بۆ سیستەمی فەرمان ڕەوا و کەسی یەکەمی تۆتالیتار لەوان زیاتر ملکەچی نەبێت زۆربەی ڕژێمە تۆتالیتارییەکاندا کەسی یەکەم هەڕەمی دەسەڵات دەگرێتە دەست توانا و سنوری بێ قەید و شەرتی هەیە لە بڕیار دان و هاوکێشە چارەنووس سازەکاندا چی لە بەرژەوەندی خۆی و هەڕەمی دەسەڵات و کەسی یەکەمی کورسیدا بێت دەیکات و گوێ بە بەرژەوەندی گشتی گەل نادات و تەواو پێچەوانەی بنەماو پرنسیبەکانی دیموکراسیەت کاردەکەن، تاك لە ڕژێمە تۆتالیتاریەکاندا پێویستە داواکاری کەمی هەبێت و ئامادە بێت لەخۆبەخت کردن بۆ ئامانجی هاوبەش (ئامانجی هاوبەشیش) خۆی لە بەرژەوەندی گشتی سیستەمی دەسەڵات دارو بەرپرسی یەکەمدا دەبینێتەوە، دەسەڵات لە ڕژێمە تۆتالیتاریەکاندا هەموو شتێکە چونکە هەر دەسەڵات دەبێتە دروست بوونی ئابوریەکی پتەو لە پێناو چینێکی نوێ ی دەوڵەت کە دەسەڵات پشتی پێ دەبەستێ لە ئەنجامی پەیوەندی پتەوی نێوان چینی دەسەڵاتدارو ئەو چینە دروست بوەی کە بەرژەوەندییەکانیان لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتەوەیەو ملکەچی فەرمانەکانی چینی دەسەڵاتدارن نا یەکسانیەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا دروست دەبێت .

## نەبوونی دیموکراسی و هەڵبژاردن :

دیموکراسی بەو شێوە مانا فراوانەیەوە کە هەیە و لە ولاتە دیموکراسیەکاندا پیادە دەکرێ لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا نییە، چونکە دیموکراسیەت خۆی لە مەدەنیەتێکی ڕەهاو هەڵبژاردنی ڕێکخراوە دیموکراتیەکاندا دەگرێتەوە کە چین و توێژەکان کۆمەڵ خۆیان بە هەڵبژاردن نوێنەر و سەندیکای ڕێکخراوەکانیان هەڵبژێرن، ئەم دیاردەش لەگەڵ سیستەمە تۆتالیتاریەکان ناگونجێت ڕێگە بەم شێوازە پیادە کردنی دیموکراسی و مەدەنیەت نادرێ و لەگەڵ چوارچێوە گشتیەکەی ڕژێمە تۆتالیتاریەکاندا یەك ناگرێتەوە خەسڵەتی سیستەمی تۆتالیتاری باوەڕی بە یەکەی یەکێتی هەموو هەیە ئەمەش بەئاشکرا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تۆتالیتاریزم توخمی هەرە گرنگ و ناوەندی شارستانی ڕۆژئاوا ڕەت دەکاتەوە و قبوڵ نییە، ئەویش بریتیە لە کۆمەڵی مەدەنی[1] .

## کۆنترۆڵ کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن :

ڕاگەیاندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕژێمە تۆتالیتاریەکاندا دەوری سەرەکیان هەیە بەوەی کە ئازادی ڕەهایان نیە و سنوریان دیاریکراوە لەلایەن هەڕەمی دەسەلاتەوە هەمیشە دەبێت بەیت وبالۆرەی پیاهەڵدان بە دیکتاتۆر و ڕژێمە تۆتالیتاریەکاندا هەڵ بدەن و ڕاستیەکان بشارنەوە و ڕوداو و کارەساتەکان کە ڕوودەدەن بە شێوەیەك باس بکەن زیان بە سیستەمی فەرمان ڕەواو کەسی تۆتالیتار نەگەیەنێ و خۆی لەوەسف و سەنایاندا ببینێتەوە بە پێچەوانە جاری واهەیە دەزگا ڕاگەیاندنەکان دەبێت شتی نەشیاو و دوور لە ڕاستی و خەرافیات بڵاوبکەنەوە سانسۆر بخەنە سەر ڕاگەیاندنی دەرەوەی وولات و یاساغ بێت، ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە کەسانی دەروێشی سیستەمە تۆتالیتاریەکانیان پڕ بکەنەوە گرنگ نییە لە چ ئاستێکدابن گرنگ ئەوەیە لە پیا هەڵدانی سیستەم و چەواشەکردنی ڕاستیەکاندا کەسانی بە ئەزموون و شارەزابن .

خ لینج بۆچونەکانە خۆی لەسەر بنەمای توێژینەوەی برژینسفکی ودفریدریك داڕشتوە لەبارەی ڕژێمی فرانکۆ لە ئیسپانیا ئەو پێی وایە تۆتالیتاریزم ئەم چەند خەسڵەتەی هەیە .[2]

١- ستروکتوری دەسەلات ناوەندێکی بە هێز و یەك لایەنەیە (أحادیە) تیایدا گروپێك بەسەریدا زاڵن و بەرپرس نین بەرامبەر هیچ ئۆرگانێك کە بە هەڵبژاردن دروست بوبێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دەستوریانە بگرە کەس بۆی نییە دەسەلاتیان لێ بسەنێتەوە، دەسەلات فۆرمی هەڕەمی هەیە سەرۆك لە سەروی هەموویانەوەیە، هەر سێ دەسەلاتە سەرەکییەکە جێ بەجێ کردن، یاسادانان، دادگای دەستوری و بالا لە دەست ئەم گروپە ، یان سەرۆك کۆبوەتەوە، دەسەلاتی سەرۆك پیرۆز (مقدس) کراوە .

---

[1] د. دلێر أحمد، تۆتالیتالیزم لە سیستەمی سیاسیدا ك. ن.ژ ٣٩٨٥ لە ٢٠٠١/٦/٥ بەشی یەکەم

[2] هەمان سەرچاوە

٢- مۆنۆلۆپۆلی بیر و ئایدیۆلۆجیا لەلایەن دەسەڵاتدارەوە دەکرێت کە ڕەوایەتی لەلایەن ڕژێمەوە پێدەراوە، تەواوی خەڵك لە دەوری ئەو بیرە کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجی باشتر و ئینگراسیۆنی گشتی ڕوو دەدات .

٣- چالاکانە خەڵك ئامادە دەکەن بە شێوەیەکی مۆدێرن بۆ ئەوەی ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە سەرۆکایەتی چەندین دامەزراوە جێبەجێبکەن، کارەکان لەسەر بنەمای زۆرە ملێو ترس جێبەجێدەکرێن بەمەش دەوڵەتی تۆتالیتار دەگاتە هەندێ ئامانجی ستراتیجی خۆی .

٤- خەڵاتکردنی تاکەکەس، گروپ، چین، بە پارە و میداڵ یان بە شێوەیەکی مەعنەوی تا لە خزمەتی سیستەمی فەرمانڕەوادات بن .

٥- گۆڕانی کەلتوری لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە ڕودەدات .

کارل فریدریش ساڵی ١٩٥٤ تایبەتمەندییەکانی سیستەمی تۆتالیتاری بە پێنج خاڵی سەرەکی دەستنیشان کردوە [١] :

١- بوونی ئایدۆلۆژیایەك کە تیایدا مرۆڤ بەرجەستە دەبێ و تاکەکانیش پابەندی پەیڕەو کردنی ئەو ئایدۆلۆژیایە دەبن .

٢- بوونی حیزبێك خاوەن جەماوەر و (تاکەکانە) کە سیمبول و بڕیار دەرەکەی یەك تاکە کەسە، حیزبێك کە بە شێوەی زنجیرە پلە و پایەی فۆرمەڵەیەو و لە ئاستێکی باڵاتر لە دەوڵەت جێیگرتووە، یا ئەوەتا لەگەڵ دەزگایەکی دەوڵەتا تێکەڵ و ئاوێتە بووە .

٣- باڵا دەستەیی تەواوی حزب و دەزگایی پەیوەست بە حیزب بەسەر تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی چەکە جەنگیەکان .

٤- باڵادەستەیی هەمەلایەنەی حیزب بەسەر پەیوەندییە گشتیەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن .

٥- بوونی سیستەمێك بۆ کۆنتڕۆڵکردنی فیزیکی و دەرون ناسی تاکەکان بۆ ترساندن و تۆقاندنیان لە کاتی پێویستدا .

لە سیستەمی تۆتالیتاریدا سوپا دەزگا سیخورییەکان، پۆلیس بە جۆرەها دەزگای دەست گیرکردنی چەکوش بەدەست دروست کراون و دەکەونە کار بۆ کۆنترۆڵ کردنی خەڵك و مل پێ کەچ کردنیان بۆ حیزبی فەرمان ڕەوا و سیستەمی تۆتالیتاری دەسەڵات بەدەست میتۆدەکانی تیرۆری کوشتن و ڕەشەکوشی بەکاردەهێنن، بیروباوەڕی پەرستنی کەسی یەکەم دەبێتە شتێکی ئاساییە و بازاڕ و شوێنە گشتیەکان بە وێنەی کەسی یەکەمی تۆتالیتار پڕ دەکرێنەوە کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش ئەوەندەی تر هەویرەکە دەشێلێن و شتی ئەفسانەو خەیاڵ دەدەنە پاڵ سەرۆك و کەسەی یەکەم . هەروەها یاساو چەسپاندنی بنچینە یاساییەکان لە سیستەمی تۆتالیتاریدا نییە و بڕوایان بە سیستەمی ئاڵوگۆڕی پەرلەمانی نیە و یەکەم دەستوری دەوڵەت

---

[١] هەمان سەرچاوە

خۆی دای دەنێ و چۆنی بوێ بە پێی مەرام و ئارەزووەکانیان گۆڕانکاری تیا دەکەن، مادەکانی دەستور بە شێوەیەك دادەڕێژن کە شەرعیەتی تەواو دەداتە سیستەمی فەرمان ڕەواو خەڵکانی مل کەچ نەکردو بۆ دەسەڵاتیش بەبەر هەڵستکار و لادەر لە قەڵەم دەدات، لە هەمان کاتدا دادگایی دەستوریش دامەزراوێکی ڕوکەش و دەستکردە لە ناوەڕۆکدا وجودی نیە، چونکە لە سیستەمی تۆتالیتاریدا دەسەڵاتدار ناوەندەیە و دەسەڵاتەکانی خوارەوە ناتوانن لە چوارچێوەی سنورداری دەسەڵاتی خۆیان دەربچن هەر دامەزراوێکی خوارەوە ملکەچی دامەزراوێکی سەروەری خۆیەتی بە شێوەیەك پێکەوە لێك دراون ناتوانێ سنوری هێڵی سوور بیەزێنێ و لە سنوری دیاری کراوی دەرچێت کار و فەرمانەکانی هەر دامەزراوەیەکیش لە دامەزراوەی سەروترەوە دیاری دەکرێ لە بواری پلە و پایەدا کارو وەزیفەکان ئەنجام دەدرێت هیچ پلە و پایەیەك ناتوانێ کار و وەزیفەیەکی سەروی خۆی بێ ڕەزامەندی لێپسراوەکانی جێ بەجێ بکات ئەگەر هێڵی سوور ببەزێنێ سزایی توند دەدرێ .

**نمونەی دوو دیکتاتۆری جیهانی :**

**١- جۆزف ستالین ( ١٨٧٩ – ١٩٥٣ )**

ماوەی سی ساڵ سەرۆکی سۆڤێت بوو لە ساڵی ١٩٢٢ بە سکرتێری گشتی حزب هەڵبژێردرا ستالین مرۆڤێکی دڵ ڕەق و بێڕەحم و پیاوکوژێکی بێ هاوتا بوو وەك سەرۆکێکی ترسناك و بەدەسەڵات دەژمێردرا یەکێك لە دیاردە سەیرەکانی ئەوەبوو کە شەوانە تا بەیانی نەدەنوست و ئارەزووی هەبوو شەوانە بە گفتوگۆ لەگەڵ هاودەم و نزیکەکانی بباتە سەر، ستالین پیاوێکی نەوسن و بخۆربوو هەمیشە مێزی بە خواردنی گۆشت و کەباب و ماسی دەریای خەزەر و دەریاکانی تری یەکێتی سۆڤێت دەرازایەوە هەر ئەم زۆر خواردنە بوو تەندروستی تێکدەداو هەمیشە نەخۆش بوو، ستالین دیکتاتۆرێکی بێ ڕەحم و نەزان و ترسناك بوو تەنانەت بەزەیی بۆ هاوەڵان و نزیکەکانی خۆشیدا نەدەهات هەستی بکردایە هەر کەسێك زەرەر بە بیرو مەرامەکانی بێنێت ئەو کەسەی بە (ك،و،د) دەسپارد .

(ك، و،د) دەزگایەکی تیرۆری ستالین بوو سەرۆکی دادگاو لێپرسراوەکانی ئەم دەزگایە پیاوان و کەسە نزیکەکانی ستالین بوو هەر کەسێك کە دەگیرا پاش لێکۆڵینەوە دەدرایە دادگا لە دادگادا هەرچەندە پاکانەیان بکردایە و بێ تاوان بونایە سودی نەبوو پاش لە ناو بردنیان دادگا بەیانی دەردەکرد کەناوبراوان شایستە کوشتن بون هەرکەسێك ووشەیەکی دەرباری ستالین بوتایە دەست گیر دەکرا و یان ڕاستەوخۆ دەکوژرا یان ڕەوانەی سیبریا دەکرا یان سەرەنگوم دەکرا پاشان پروپاگەندەی فاشیست یان دوژمنی چینی کرێکار یان جاسوسی دەردایە پاڵ ، دەوروپشتی ستالین کۆمەڵێك کەس و خوێندەواری چاك و سیاسی لێ بوو کەستالین وشەیەکی

بوتایە دەنوسرایەوە و دادەڕێژرایەوەو جاری واهەبوو کتێبێکی لێدەنوسرایەوەو دەخرایە بازاڕەوە ستالین لە ماوەی سی ساڵ حکوم ڕانیدا شاری مۆسکۆی بە تێرۆتەسەلیی نەبینیب و هەردەم لە کرملن دەمایەوە، بەڵام لەکاتی بێئیشیشدا ڕووی کردۆتە شارەکانی تروهاوینان لە دەریایی ڕەش لە (ساناتۆریۆ) کە جێگایەکی تایبەتی ستالین بوو ستالین لە ماوەی ژیانیدا سێژنی هێناوە ژنی یەکەمی خەڵکی دێیەکی گورجستان بوە، لە ساڵی ١٩٥٧دا، مردوەو منداڵێکی بە ناوی ڕاکوب لێ بەجێماوە ژنی دووەمی ناوی نادیا ئالی بووە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا شووی بە ستالین کردوەو بە نەخۆشی جگەر مردوە لە دوایی مردنی وا بڵاوبووەوە کە لە ئەنجامی ناڕەزایوو وەحشێتی خۆی کوشتووە لە ژنی دووەمی دوو منداڵی بووە واسیلی و سوتلانا، واسیلی لە شەڕی ئەڵمانیا دەست گیرکراو سوتلانا سەفەری کردوە بۆ ئەمریکا ژنی سێیەمی ستالین خوشکە سەرکردەیەکی کۆمۆنیست بووە پیا هەڵدان و خەرافیات بە ستالین لە نێو وڵاتدا بڵاودەبووەو زەمینەیەکی وا ڕەخسابوو کە ستالین خدری زیندەیەو نامرێت و مردنی بۆ نیە تاقمێك دەیان ووت ستالین بەدەرزیەکی گرنگ بەناوی (بۆگۆمۆڵتس) کوتراوەو هەرگیز نامرێ لە کاتێکدا ستالین لە مناڵیەوە بەزگماکی باری تەندروستی تەواو نەبوەو تەنانەت نەی دەتوانی زۆر بە ڕێگەی ئەسمانی و دەریایی سەفەر بکات لە ساڵی ١٩٤٣ لە سەفەرێکی بۆ تاران فڕۆکەکەی ئاگادار کردەوەو نزیك زەوی بفڕێو لەنگەر بگرێ .

ستالین بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە لینین بە گەورەتر و ڕۆشنبیرتر دادەناو لە دوایی مردنی لینین لە چەند چاوپێکەوتنێکدا ئامازەی بەوە کردوە کە زۆرجار ئامۆژگاری لینینی کردوەو ڕایەکانی لینینی ڕاست کردۆتەوە کە بەلای ستالینەوە هەڵەبوو هەموو ئەو سەرکردە و لێهاتوانەی کە زەمانی لینین گەیشتبوونە پلەی ئەندامی کۆمیتەی یان مەکتەبی سیاسی لە دوایی مردنی لینین لەلایەن ستالینەوە یان کوژرا یان دورخرانەوە کە قۆناغی دوایی مردنی لینین بە قۆناغی پاککردنەوەی ستالین بەناو بانگەو لە کۆی ٢٤ ئەندامی سەرکردایەتی ٣ ئەندامیان بە ئاسایی مانەوەو ئەوانی تر یان تیرۆر کران یان خۆیان کوشت یان دووخرانەوە خەڵکانی کاسەلێیو بە وەفا بۆ ستالین لە شوێنیان دانران .

**٢- سەدام حوسێن**

سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٣٧ دا لە خێزانێکی هەژار لە گوندی عۆجەی نزیك تکریت لە دایك بووە پاش ماوەیەك باوکی مردوە و مامی بە خێوکردنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و دایکی مارە کردۆتەوە ماوەیك سەدام لایان ماوەتەوە کە تەمەنی گەیشتۆتە دەساڵان ماڵی باوکەکەی ، کە باوکی ڕاستی ئەو نەبوو بە جێ دەهێڵێت و ڕادەکاتە ماڵی خاڵی (خیروڵا تفاح) لە تکریت خەیروڵا وەك مامۆستای سەدام وابوو سەدام ڕێزی لێ ئەگرد خەیروڵا مێشکی سەدامی بە ئازایەتی باب و باپیرانی پڕ کردبوو هەر ئەمە وای کردوە بڕوا بە نەتەوایەتی عەرەب بهێنێت کە

حیزبی بەعس بانگەوازی بۆ دەکرد، سەدام بلاوکراوەکانی خاڵی چاپ کردوە بە ناونیشانی سیێ شت دەبو خودا خەڵقی نەکردنایە (فارس، یەهود، مێش) سەدام لە تەمەنی ١٥ ساڵاندا خەوی بەوەوە دەدی کە ئامانجی سەلاحەدینی هەبێت کە قودسی گرت یان دەسەلاتی (ئەبوخوذنصر) سەدام لە بیست ساڵیدا پەیوەندی کرد بە ڕژێمی بەعسەوە کاریگەری هەندیێ لەسەرکردە بەعسییەکانی پێوە دیار بوو لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا خەبەری پیێ درا کە سەرۆکایەتی گروپێکی دە کەسی بکات بۆ کوشتنی عبدالکریم قاسم بەلام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەهۆی هەڵەی سەدامەوە ئەوەبوو ڕایکردە سوریا و لەوێشەوە چوو بۆ میسر، ساڵی ١٩٦٣ گەڕایەوە بۆ عێراق و لە دوایی هاتنە سەر کاری بەعس هەڵبژێردرا بە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس پاش ماوەیەك دامەزرێنەری حزبی بەعس (میشیل عفلق) لەبەر خۆشەویستی خۆی بۆ سەدام وەك جێگرێکی خۆی داینا لە ساڵی ١٩٦٨ سەدام بە هاوکاریەکی نهێنی (عبدالرزاق نایف ) بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری هەستا بە کودەتایەکی سەربازی و سەرکەوت و بەلام لە دوایی دوو هەفتە سەدام حسێن نایف دەستگیر دەکات و لەدوایدا دوری دەخاتەوەو تیرۆری دەکات .

ئەگەر سەدام حسێن وەك سەرکردەیەکی تۆتالیتاری سەیر بکەین هەموو خەسڵەتەکانی تۆتالیتاری تیابووە (ترس، تۆقاندن، تیرۆر، کوشتن) بەردی بناغەی هەرەمی دەسەلاتی سەدام بووە، هەموو کەسە نزیکەکانی خۆی دەکوشت کە زانیویەتی ڕەنگە ڕۆژیێ لە ڕۆژان گرفتی بۆ بنێنەوە لەوانە (عدنان خیراللە) حسین کامیل، کە خەزورو زاوایی بوو ژمارەیەکی بیێ شوماری لە دۆست و لایەنگرانی خۆی لە ناو سوپا هەرەمی دەسەلاتدا کوشتوە و گرنگترین کارە ڕەشەکوژیە تۆتالیتارەکانی سەدام حسێن بریتیەن لە :

١- شالاوەکانی ئەنفال و بیێ سەروشوێن کردنی ١٨٢ هەزار کەس سوتماك کردنی خاکی کوردستانی باشوور .

٢- کارەساتی هەڵەبجەوشەهید بوون ٥٠٠٠کەس بەچەکی کیمیاوی وبرینداربوونی ٥٠٠٠ی تر.

٣- بیێ سەروشوێکردنی ٨٠٠٠ بارزانی .

٤- لێدانی شیعەکان خواروی عێراق گرتن و ڕاوەدونانی ژمارەیەکی بیێ شومار و کوشتنیان .

٥- داگیرکردنی کوێت و شەڕی ٨ ساڵەی عێراق - ئێران وەك هاوکێشەیەك دەرئەنجامی دەروونی نەخۆشی ئەنجامی داون .

# دەستور ، پێناسە و شێوازی دانان

دەستور لە زمانی ئینگلیزیدا پیٚ ی دەوتریٚ (Basic Law) واتا یاسای بنەڕەتی لە زمانی عەرەبیشدا دەستور بە مانای بنەما یا بنەڕەت دێت ، یەکەم دەستور کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە عێراقدا نوسراوە بە ناوی یاسای بنەڕەتی ناوبراوە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین دەستور بە دایکی یاساکان ، یاسای بنەڕەتی ، یاسا باڵاکان ناو بەرین ، لە ڕووی زمانەوانیەوە دەستور کۆمەڵە ڕێسا و بنەمایەکە کە بچینە گشتیەکانی دامەزراندن و ڕێکخستنی کۆمەڵگا دیاری دەکات لە چوار چێوەی دەوڵەت یان هەرێم یا هەر سنورێکی سیاسی دیاریکراودا وەك چۆن هەمو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی چ کەسایەتی ڕاستەقینە بن یا مەعنەوی وەك خێزان ، هۆز ، سەندیکا ، ڕێکخراوی سیاسی دەتوانن پەیڕەوو یاسا و بنەمای بە خۆیان هەبێت دەوڵەتیش دەستوری تایبەت بە خۆی هەیە، نابێت دەستور و بنەما ناوخۆیەکان لە چوارچێوەی گشتی دەوڵەت دەربچن و دژ بە یەك بن .

دەستور وەك چەمك پێناسە بکریٚ بریتی یە لە :

کۆمەڵە یاسایەکە بنەما و سەرچاوەی دەسەلاٌت دیاری دەکات لە گەڵ ڕێکخستن و پەیوەندی نێوان دەسەلاٌتداران و جیٚ بە جێکردنی دەسەلاٌتی دەسەلاٌتداران ئەو بنەمایانەی پەیوەستن بە ماف و ئازادیە گشتیەکانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا .

**دانانی دەستور :**

دەتوانرێت بە دوو شێوەی دیموکراسی و دوور لە دیموکراسی دەستور دابنرێت ، بە لاٌم شێوازەکانی دانانی دەستور دوور لە ڕێگەی دیموکراسی بە زۆری لە سیستەمە فەرمانڕەواییە کۆنەکاندا پیادە کراوە لە ئێستادا لە زۆربەی ولاٌتاندا دەستور بە شێوەی دیموکراسی دادەنریٚ .

دەتوانین دوو شێوەی نا دیموکراسی دەستور ئاماژە پێبدەین .

**أ. ڕێگای دیاری :**

ئەم ڕێگایە لە سیستەمە فەرمانڕەواییە کۆنەکاندا پیادە کراوە بە وەی کە شالیار یان مەلیك یان ئیمبراتۆر کە کەسی یەکەمی هەرەمی دەسەلاٌت بون دەست بەرداری بەشێك لە دەسەلاٌتەکانی دەبوو بۆ میللەت یان چینەکانی هەرەمی خوارەوەی دەسەلاٌت لە چوارچێوەی دیکۆمێنتێکی دەستوریدا بەمە بەشێك لە دەسەلاٌتەکانی کەسی یەکەم و ڕەهای دەسەلاٌت لە چوار چێوەیەکی دیاری کراودا دەتوانرا پیادە بکرێت سنوری ئەو چوارچێوە دیاریکراوە لە سنوری ئیمپراتۆر یان کەسی یەکەمی فەرمانڕەوادا دانانی دەستورە ،بە شێوەیەکی سەرەتایی دیاریکراو چونکە لە سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆندا بە ناوی ئاسمان یان کەسانی پلە بەرز دەسەلاٌتەکانیان پیرۆز دەکرا ، شایانی ڕەخنە نەبوو بۆیە دەستور وەك دیاری لە کەسی یەکەمی ڕەهای هەرەمی دەسەلاٌتەوە دەدرا بە میللەت ئەم شێوازەی دەستور لە ڕابردوودا بە کارهێنراوە وەك دەستوری فەڕەنسی ١٨١٤، دەستوری یابانی (١٨٨١) وە دەستوری ئەسیوبیا (١٩٠٥).

**ب. ڕێگای گرێبەست :**

هەرچەندە دانانی دەستور بە ڕێگەی گرێ بەست دەچێتە خانەی دانانی دەستور بە ڕێگەی نادیموکراسییەوە بەڵام بە بەراورد بە ڕێگەی دیاری دەتوانین بڵێین ڕێگەی گرێ بەست پێشکەوتوترە تا ڕادەیەك پرس و ڕا بە گەل دەکرێت بە وەی لە ڕێگەی دیاریدا هەمو دەسەڵاتەکان لە لایەن کەسی یەکەمی هەرەمی دەسەڵاتەوە دادەنرێت بەڵام بە ڕێگەی گرێ بەست کەسی یەکەم دەست بەرداری هەندێ لە دەسەڵاتەکانی دەبێت بە بەرامبەر یان دان نان بە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی گەلدا، واتە دەستور تێکەڵەی دانانە لە دەسەڵاتە ڕەهاییەکانی کەسی یەکەمی دەسەڵات و بە شێك لە دەسەڵاتەکانی گەل، ڕەنگە بە بەراورد دەسەڵاتەکانی کەسی یەکەم لە دەسەڵاتەکانی گەل زیاتر بێت بەڵام لە شێوەی دیاری دیموکراسی ترە و وەرچەرخانە بە ڕووی گەلدا وەك دەستوری یۆنان ١٨٤٤ وە ڕۆمانی ١٨٦٤ وە بولگاریا ١٨٦٩.

**شێوازی دیموکراسی بۆ دانانی دەستور :**

لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا شێوازی دیموکراتی لە دانانی دەستوردا جێبەجێدەکرێت ئەم ڕێگەیەی دانانی دەستور بە دوو شێواز دەکرێت ئەوانیش ڕیگای دەستە یان لیژنە یان کۆمەڵەی دامەزرێنەر وە ڕێگای ڕاپرسی دەستوری .

١. ڕێگای کۆمەڵەی دامەزرێنەر :

بە پێی ئەم ڕێگایە هاوولاتیان لە هەڵبژاردنێکی ئازادا دەستەیەك یان کۆمەڵەیەك وەك نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن ئەم دەستەیە نوێنەری گەلە و تایبەتە بە نوسینەوەی دەستور و لە لایەن گەلەوە دەنگی بۆ دراوە ، ئەوەی کە کۆمەڵە یان دەستە هەڵبژێراوەکە دەی نوسنەوە دەبێت بە دەستوری فەرمی وڵات، لەم ڕوانگەوە کە ئەم کۆمەڵەیە لە لایەن هاوولاتیانەوە وەك نوێنەری خۆیان هەڵبژێردراون مافی نوسینەوەی دەستوریان پێداون ئەم ڕێگەیە هەر چەندە دیموکراسیانە مامەڵە دەکات بەڵام لە بەر ئەوەی ڕەشنوسی دەستور ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلەوە دەنگی پێنادرێت تا ڕادەیەك تەنها بەرهەمی بیر و بۆچونی کۆمەڵە کەسێکە نەك تەواوی گەل، بەڵام ئەوانە نوێنەری گەلن و پێشتر ڕەزامەندی گەلیان هەبوە دەچێتە خانەی دیموکراسیەوە ئەو دەستورانەی بەم شێوەیە دانراون وەك دەستوری ئەمریکا (١٧٨٧)وە دەستوری ئیسپانیا ,١٩٣١

**٢. ڕێگەی ڕا پرسی دەستوری :**

ئەم ڕێگەیە لە هەمو ڕێگەکانی تر دیموکراسیترە لە زۆربەی وڵاتاندا لە ئێستادا پەیڕەو دەکرێت، یان ئەو وڵاتانەی کە تازە دروست دەبن بەم شێوەیە دەستور دادەنێن کۆمەڵە کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بواری دەستور لە لایەن دەسەڵاتی یاسا دانان یان جێبەجێکردنەوە ، دیاری دەکرێن ناویان لێ دەنرێ لیژنەی نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستور گرنگ نیە ئەو کەسانە کێن ، یان چۆن دادەنرێن یان بێ جیاوازی نەتەوە و ئایین و بیر و ڕا ئەرکیان نوسینەوەی ڕەشنوسی

دەستورە پاش ئەوەی لە نوسینەوەی ڕەش نوسی دەستور دەبنەوە لە لایەن دەسەڵاتی یاسا دانانەوە ڕۆژێك دیاری دەکرێت بۆ ڕیفراندۆم لە سەر ڕەشنوسی دەستور دوای تەواو گێڕەن و تەتەڵە کردنی لە لایەن لیژنەکە و بە راوردکردنی لە لایەن کەسانی شارەزا و پسپۆر پاش ئەوەی ڕەشنوس تەواو بیٚ دەسکاری کردن چاپ کرا دەکرێتە دەنگ دانەوە بۆ هاولاٚتیان بە وەلاٚمی بەلیٚ یان نەخێر ئەگەر ئەو ڕەشنوسە زۆرینەی دەنگەکانی بە دەست هێنا دەبێتە دەستوری هەمیشەیی وولاٚت ، ئەم ڕێگەیە تەواو دیموکراسیە چونکە میللەت خاوەنی بڕیاری کۆتاییە لە سەر قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ڕەشنوسی دەستور .

ئەگەر دەنگی نەخێر زیاتر بوو پێویستە جاریٚ تر ڕەشنوسی دەستور دەستکاری تەواو بکرێت ئەو بڕگانەی ناگونجێن لابرێت جاریٚ تر ڕەشنوسەکە چاپ بکرێتەوە و بخرێتەوە دەنگدان ، ئەم ڕێگەیە لە عێراق دا پەیڕەو کرا و ڕەشنوسی دەستور خرایە دەنگدانەوە و دەنگی زۆرینەی هێنا ئەگەر سەرکەوتنی بە دەست نەهێنایە دەتوانرا داوا بکرێت شەش مانگ دوا بخرێت ، هەروەها بە پێی مادەی ٦١، ٣/٢ی سیٚ پارێزگا دەتوانێت ڕەتی بکاتەوە ، پێویستە ئەم ڕاپرسیە لە کەش و هەوایەکی تەواو دیموکراسی و بیٚ کێشەدا بێت ، ڕەشنوسی دەستور بلاٚوبکرێتەوە زۆرینەی خەڵك و هاولاٚتیان بیخوێننەوە ئەگەر پێش دەنگدان بڕگەیەك زۆرترین تێبینی لە سەر بو دەتوانریٚ لابرێت یان دەسکاری بکرێت ئەو هاولاٚتیانەی دەنگ دەدەن مەرجەکانی دەنگدەریان تێدابێت و هۆشیاری یاسایی و سیاسیان هەبێت ، دەستوری ئیتاڵی ١٩٤٧ وە دەستوری یەکێتی ئەوروپا بەم ڕێگەیە نوسراونەتەوە .

**پرەنسیبی بالاٚ دەستی دەستور :**

واتە بەرزی چوارچێوە و بنەماکانی بە ندەکانی دەستور بە سەر یاساکانی تری دەوڵەتدا ، واتە ئەو یاسا و بڕیار و ڕێنماییانەی کە لە دەوڵەتدا دەردەچن دەبێت لە چوارچێوەی بنەما گشتیەکانی دەستوردا بێت لە بەندەکانی دەستور دەرنەچێت نابێت پێچەوانەی بەندەکانی دەستور بێت تا شەرعیەت لە دەست نەدات بە پێچەوانەوە ئەگەر کار بە کۆمەڵی یاسا و ڕێنمایی پێچەوانەی دەستور کرا ئەوا دەستور بایەخی یاسایی نامێنیٚ و شەرعیەت لە دەست دەدات ڕوونتر ئەگەر هەیکەلی پرۆژە یاساکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی هەڕەمی بنەخشێنن ئەوا دەستوور لوتکەی هەڕەمی یاساکان و هیچ یاسایەك لە دەستور بالاٚ تر نیە .

# چەند پرسیار و وەڵامێك لە سەر دەستور

**پ/ دەستور کەی دەنوسرێتەوە ؟**

و / زۆر بە دەگمەن دەستور لە کاتی ئاسایدا دەنوسرێتەوە بەڵکو لە کاتی گۆڕینی ڕژێمەکان یا دروستبونی وڵاتێك یا کودەتای سەربازی یان بە ئاکام گەیاندنی بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکان و دروستکردنی دەوڵەت دەنوسرێتەوە جاری واش هەیە ڕیفراندۆم دەنگ لە سەر هەڵوەشاندنەوەی دەستوری کۆن و نوسینەوەی دەستوری تازە دەدات .

**پ/ لیژنەی نوسینەوەی دەستوری عێراق کێ بوون ؟**

و. لیژنەی نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوری عێراق ٥٥ کەس بون کە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقبون لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ١٥ کورسی ، هاوپەیمانی شیعە ٢٨کورسی ، لیستی سەرۆکی وەزیرانی پێشو ئەیاد عەلاوی ٨کورسی (کە نوێنەرانی شیعە و سونە دەکات) ، ٤کورسی تریش مایەوە بۆ شیوعی و تورکمان و مەسیحیەکان و عەرەبی سونە .

**پ/ گرنگترین مەسەلە گرنگەکان چین ؟ کە پێویستە دەستور ساغیانی کردەوە ؟**

وەڵام /

١- فیدراڵی : هەرچەندە تا ئێستا لە کۆبونەوەی هاوینە هەواری صەلاحەدین و لەندەن و ناسریە. بە ڕەسمی دان بە فیدراڵیەتدا نراوە کە عێراق بکرێتە چەند هەرێمێکی فیدراڵی بەڵام دەبێت بە ڕەسمی لە دەستوردا بچەسپێ ئەوەی ئێستا ڕونە کوردستان هەرێمێکی بێ گرفتە لە ڕوی ئەمنیەوە ، لە ساڵی ١٩٩١یشەوە ئازادە ، بارودۆخی لە بارودۆخی عێراق جیاوازە و دەبێت ڕەچاوی تایبەتی بکرێ ، فیدراڵیش بە سودی گەلانی عێراق و پێکهاتە تەکنیکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆیە پێویستە دەستور بە ڕاشکاوی فیدراڵیەت بچەسپێنیت .

٢- سامانی سروشتی و بەروبومە وەدەست هاتوەکان

دابەش بونی داهاتی نەوت و سامانە سروشتیەکان بە شێوەیەکی یەکسان و بە گوێرەی چڕی ژمارەی دانیشتوان لە گەڵ ڕەچاو کردنی ئەو هەرێمەی کە نەوتی تێدایە ، لەم کلاو ڕۆژنەوە ، بەشی کوردستان دەبێت لە بەرچاو بگیرێ کە زۆربەی خاکەکەی نەوت و سامانە سروشتیەکانی تێدایە دەبێت بەشی کوردستان لە ڕوی ڕێژەوە دیار و بەرچاوبێت .

٣- پێکهاتەی حکومەت و دەسەڵات .

دەبێت دەستور بە ڕونی ڕوخساری حکومەتی عێراق ڕوون بکاتەوە پەرلەمانیە یان سەرۆکایەتی. یان تێکەڵە زۆرتر بە لای کانیان دەشکێتەوە ، هەروەها حکومەت لە سێ دەسەڵاتی یاسا دانان ، جێبەجێکردن ، دادگاکان ، پێك بێت لە گەڵ دەسەڵاتی هەریەك لە سەرۆك کۆمار ، سەرۆکی

حکومەت سەرۆکی هەرێم هەروەها هەریەك لەو سەرۆکانەی چۆن هەڵدەبژێردرێن ! ڕاستەوخۆ لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت یان بە شێوەی تر ! حکومەتی کاتی ئێستا پەرلەمانیە ، بەڵام تاڕادەیەك پەیڕەوی سیستەمی سەرۆکایەتی کراوە، سەرۆك کۆمار سەرۆك وەزیران ڕاستەوخۆ هەڵنەبژێرراون

٤- دین و دەسەڵات .

ئاشکرایە کە گەلانی عێراق زیاتر لە ٩٠٪ موسوڵمانن ڕێکەوتنێکی هەمو هێزە سەرەکیەکانی عێراقیشە کە ئاینی سەرەکی وڵاتی عێراق ئاینی ئیسلامە ، بەڵام پێویستە لە دەستوردا ئەوە بچەسپێ کە دین تاکە سەرچاوەی یاسا نەبێت دین لە مەسەلەکانی ژن هێنان و تەڵاقدانا پەیڕەو بکرێ بەڵام هەمو یاسایەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە سەیر نەکرێ دین جیا بکرێتەوە لە سیاسەت یاسای کاتی عێراق دانی بەوەدا ناوە کە ئیسلام ئاینی ڕەسمی وڵاتە سەرچاوەیەکی یاسایشە ، بەڵام دین تاکە سەرچاوەی یاسا نیە و سەرچاوەکانی تری وەك (العادە والتقالید) ، (السوابق القانونیە) سودی لێوەربگیرێ .

پ/ ئایا هاوڵاتیان بەشداری نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستور دەکەن ؟

و. بە پێی مادەی (٦٠) یاسای کاتی عێراق دەستور پاش ئەوەی نوسرایەوە دەبێت بخرێتە بەر دەستی هاوڵاتیان هەروەها یاسا دانەرە عێراقیەکان ڕەئی خۆیانی لە سەر بدەن ، ڕەئی زۆرترین ڕێژەی گەلانی عێراق کۆبکەنەوە بە گفتوگۆی چڕ و پڕ و کۆبونەوەی فراوانی لیژنەکان لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی عێراق بە هۆی ڕاگەیاندن و وەرگرتنی ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن گەلانی عێراقەوە دەخرێتە بەر دەست.،ئەم کارە کراوە کەواتە هاوڵاتیان بەشداری نوسینەوەی ڕەشنوسیان کردوە .

پ/ ئایا مۆڵەتی نوسینەوەی دەستور تا کەی بووە ؟

و. بە پێی مادەی (٦٠) یاسای کاتی دەبو ڕەشنوسی دەستور تا ٢٠٠٥/٨/١٥ تەواو بوایە و بخرایەتە پێش گەلانی عێراق تا لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ دەنگی لە سەر بدرایە بەڵام هەر لە یاسای کاتی عێراقدا هەیە کە ئەگەر تەواو نەبو دەتوانن (٦ مانگی)تر درێژ بکرێتەوە ئەگەر نەگەیشتە قۆناغی کۆتایی نوسینەوەی دەستور .

پ/ دەنگدانی دەستور چۆن دەکرێ ؟

و. دوای نوسنەوەی ڕەشنوس و خستنە بەردەستی هاوڵاتیان، دەستور دەخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر زۆربەی دەنگەکان بە بەڵێ هاتەوە (دوو لە سەر سێی هاوڵاتیان)ی دانیشتوانی سێ پارێزگا دژی دەستور دەنگیان نەدا دەستور دەبێتە دەستورێکی ڕەسمی .

پ/ ئەگەر دەنگدان بۆ دەستور سەرکەوتن وە دەست هێنا چێ دەبێ ؟

و. دەستور دەبێتە دەستورێکی ڕەسمی جێگەی یاسای کاتی عێراق دەگرێتەوە کار بە دەستور دەکرێ حکومەتی هەمیشەیی دادەمەزرێ ، دەستور و یاسا دەبنە سەرچاوەی هەموو مەسەلەکان .

پ/ ئەگەر دەستور ڕەفز کرا چی ڕودەدات ؟.

و. پەرلەمانی عێراق هەڵدەوەشێتەوە ، حکومەتی عێراق دەبێ هەڵبوەشێتەوە ، جارێکی تر هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان بکرێتەوە ، سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران دوبارە دابنرێتەوە ، جارێکی لیژنەی ڕەشنوسی دەستور دیاری بکرێتەوە ڕەشنوسی دەستور تا ٢٠٠٦/٨/١٥دا

– ئەگەر دوبارە دەستور ڕەفز کرایەوە. – حاڵەتێکی زۆر کەم و دەگمەنە ، یاسای کاتی عێراق لە کاتی دووجار ڕەفزی دەستوردا هیچ ئامارەیەکی نەداوە شتێکی زۆر چاوەڕوان نەکراوە .

پ/ لیژنەی دەستوری تازە ، لە کێ دادەمەزرێ ؟

و. چاوەڕوان لە سەر ڕێکەوتی حزبەکان و ٢٧٥ ئەندامی تازەی پەرلەمان دادەنرێت ئێستا (هەمام حەمادی) لە هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتوو سەرۆکی لیژنە ٥٥ کەسەکەیە ، دوو جێگری هەیە یەکێکیان عەدنان جەنابیە کە سونەیە ، ئەوەی تر د.فۆاد مەعسومە کە کوردە.

## سەرچاوەکان

١. بابەتێکی ڕێکخراوی (الأعمار و التنمية)

٢. ڕۆژنامەی (الأتحاد) ژمارەکانی باسی دەستور

٣. یاساکانی عێراق .

٤. بەرنامە ڕۆژنامەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە سەر دەستور .

کاتی خۆی پێش هەڵبژاردنی دەستوری عێراق نوسراوە دەسکاری زۆر کەم کراوە لە خاڵبەندیدا.

٥. ڕۆژنامەی همشری ژمارە ١٤٤٧لە مانگی ١٢ی لە مانگی ١٢ی کانونی یەکەم ,١٩٩٨

٦. گۆڤاری پەیامی وەرگێڕان ، ژمارە(١) ١٩٩٢

٧. دواڕۆژەکانی دوو دیکتاتۆر

٨. ژیان و مردنی لینین نوسینی ڕابەرت پاین وەرگێڕانی بۆ فارسی عەبدەڕەحمان سەدریە، تاران

٩. الحياة الخاصة للمشاهير عالم، إعداد رشاد جميل، طرابلس لبنان ص٣٢٣- ٣٤٩، ١٩٤١

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر :

١. لە پەراوێزی مەرگی شاپەروەردا (بابەتی فۆلکلۆرییە) .

٢. دواساتەکانی مەرگی پشیلەیەك (ووتار و بیرەوەری) .

٣. لە نێوان دیکتاتۆریەت و دیموکراسیدا (کۆمەڵە وتار) .